مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

# القدرات الصوتية والجسدية لأداء الممثل في العرض المسرحي: (روميو وجولييت) أنموذجاً

**چنارعزالدين حسێن**
**قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
chnarazauldin@gmail.com

**أ.د.جواد نعمت حسين**
**قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
Jawad.hussein@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: القدرة، الصوت، الجسد، الممثل

**كيفية اقتباس البحث**

حسێن , چنارعزالدين, جواد نعمت حسين, القدرات الصوتية والجسدية لأداء الممثل في العرض المسرحي: (روميو وجولييت) أنموذجاً,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

## القدرات الصوتية والجسدية لأداء الممثل في العرض المسرحي: (روميو وجولييت) أنموذجاً

# Vocal and Physical Capabilities of Actor Performance Theater: (Romeo and Juliet) as a Case Study

**Chnara Azaldin Hussein**
**Department of Cinema and Theater, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**chnarazauldin@gmail.com**

**Prof. Dr. Jawad Nemat Hussein**
**Department of Cinema and Theater, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**Jawad.hussein@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Ability, voice, body, actor

**How To Cite This Article**
Hussein , Chnara Azaldin ,Jawad Nemat Hussein ,Vocal and Physical Capabilities of Actor Performance Theater: (Romeo and Juliet) as a Case Study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

CC BY NC ND

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**:
This research explores the vocal and physical capabilities of actors in the Kurdish theater performance of (Romeo and Juliet), directed by (Fazil Jaf), as a case study. This study attempts to investigate the dialectical and organic relationships between the actor's vocal instrument and physical instrument, particularly in classical theater and elevated texts such as those by William Shakespeare. The research highlights how an actor, through vocal techniques (such as breath, tone, rhythm) and physical techniques (movement, stance, body language), can create an artistic image and convey the text's emotions and meanings to the audience.
The significance of this research lies in its attempt to fill the gap that often arises in acting due to the separation of vocal energy from physical energy. To validate the research hypotheses, the study relies on the

analysis of the Romeo and Juliet text as a universal example. Additionally, as a field and practical example, an analysis is conducted on a specific theatrical performance directed by (Dr. Fazil Jaf), which was performed in 2024 in the city of Sulaymaniyah.

By adopting a descriptive-analytical method, the research reached several important conclusions:

First: It became evident that in the play Romeo and Juliet, the director emphasizes both voice and body. This makes the actor's task more demanding, requiring high physical readiness to fill the theatrical space.

Second: In tragic and combat scenes, such as conflict sequences, the actor's success depends on psycho-physical balance—specifically, the ability to control breathing during rapid movement.

Third: It was found that academic direction plays a decisive role in organizing the harmony between collective movement and individual expression. Consequently, the research emphasizes that a theatrical actor, without the continuous development of vocal and physical abilities, cannot effectively embody elevated texts like Shakespeare's.

**الملخص**

تتمحور هذه الدراسة حول القدرات الصوتية والجسدية للممثل في العرض المسرحي الكردي (روميو وجولييت) كنموذج، وهو من إخراج (فاضل جاف). تُعد هذه الدراسة محاولة للبحث في العلاقات الجدلية والعضوية بين الجهاز الصوتي والجهاز الجسدي للممثل، وخاصة في المسرح الكلاسيكي ونصوص وليام شكسبير. تسلط الدراسة الضوء على كيفية تمكن الممثل، من خلال التقنيات الصوتية (مثل التنفس، النغمة، الإيقاع) والتقنيات الجسدية (الحركة، الوقوف، لغة الجسد)، من خلق صورة فنية وإيصال عواطف ومعاني النص إلى المشاهد.

تكمن أهمية هذه الدراسة في سعيها لملء الفراغ الذي يحدث غالباً في التمثيل نتيجة انفصال الطاقة الصوتية عن الطاقة الجسدية. ولإثبات فرضيات البحث، تم الاعتماد على تحليل نص "روميو وجولييت" كنموذج عالمي، وكذلك تم إجراء تحليل ميداني وعملي لعرض مسرحي محدد من إخراج (د. فاضل جاف) عُرض في عام ٢٠٢٤ في مدينة السليمانية.

من خلال اتباع المنهج الوصفي التحليلي، توصلت الدراسة إلى عدة نتائج مهمة:

أولاً: تبين أنه في مسرحية روميو وجولييت، يركز المخرج على الصوت والجسد معاً، مما يزيد العبء على الممثل ويتطلب استعداداً جسدياً عالياً لملء الفضاء المسرحي.

ثانياً: في المشاهد التراجيدية والحربية، مثل مشاهد الصراع، يعتمد نجاح الممثل على التوازن السيكو-فيزيائي (النفسي-الجسدي)، أي القدرة على التحكم في التنفس أثناء الحركة السريعة.

ثالثاً: تبين أن الإخراج الأكاديمي يلعب دوراً حاسماً في تنظيم التناغم (الهارموني) بين الحركة الجماعية والتعبير الفردي. وفي الختام، تؤكد الدراسة على أن الممثل المسرحي لا يمكنه تجسيد النصوص العالية مثل نصوص شكسبير دون التطوير المستمر لقدراته الصوتية والجسدية.

كلمات الافتتاحية: القدرة، الصوت، الجسد، الممثل

# توانا دەنگی و جەستەییەکانی ئەدای ئەکتەر لەنمایشی (ڕۆمیۆو جوڵێت)

چنارعزالدین حسێن
بەشی سینەما وشانۆکۆلێژی هونەرە جوانەکان،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق
chnarazauldin@gmail.com

**پ.د.جواد نعمت حسين**
بەشی سینەما وشانۆکۆلێژی هونەرە جوانەکان،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق
**Jawad.hussein@univsul.edu.iq**

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە توانا دەنگی و جەستەییەکانی ئەدای ئەکتەر لەنمایشی- شانۆی، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە دیالیکتیکیی و ئۆرگانییەکانی نێوان ئامرازە دەنگی و جەستەیی ئەکتەر کە چۆن ئەکتەر دەتوانێت لە ڕێگەی تەکنیکە دەنگییەکانەوە (وەک هەناسە، تۆن، ڕیتم) و تەکنیکە جەستەییەکانەوە (جوڵە، وەستان، زمانی جەستە) وێنەی هونەری دروست بکات و سۆز و ماناکانی دەق بگەیەنێتە بینەر. توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە تیشک دەخاتە سەر بۆچوون و میتۆدە جیاوازەکانی هەریەک لە (کۆنستانتین ستانیسلافسکی) و (جێرسی گرۆتۆفسکی)بە جۆرێک کە چۆن ستانیسلاڤسکی جەخت لەسەر پاڵنەری ناوەکی و دەنگ دەکاتەوە و لە بەرامبەردا گرۆتۆفسکی کار لەسەر لابردنی بەربەستە جەستەییەکان دەکات، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەنە خاڵێکی هاوبەش کە ئەویش تەبایی نێوان جوڵە و دەنگە.گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە زۆرجار لە نواندندا دروست دەبێت بەهۆی جیابوونەوەی وزەی دەنگ لە وزەی جەستە. لە ڕێگەی پەیرەوکردنی میتۆدی وەسفی شیکاری توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێکی گرنگ. یەکەم: دەرکەوت کە لە شانۆی ڕۆمیۆ جوڵێت کەوەک نمونەی تویژینەوە وەرمان گرتوە دەرهێنەر جەخت لە سەر دەنگ وجەستە دەکاتەوە ئەمەش ئەرکی ئەکتەر قورستر دەکات و پێویستی بە ئامادەییەکی جەستەو دەنگێکی لێهاتوو هەیە بۆ پڕکردنەوەی فەزاکە. دووەم: لە دیمەنە تراژیدیەکان وەک دیمەنی ململانێکان، سەرکەوتنی ئەکتەر بەندە بە هاوسەنگی سایکۆفیزیک واتە توانای کۆنترۆڵکردنی هەناسە لە کاتی جوڵەی خێرادا. سێیەم: لەمیانی توێژینەوەکەیا ڕونبۆوە کە دەرهێنانی ئەکادیمی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ڕێکخستنی هارمۆنی نێوان جوڵەی بە کۆمەڵ و دەربڕینی تاکەکەسی.

ووشە سەرەکییەکان. توانا ، دەنگ ، جەستە، ئەکتەر

## 1- پێشەکی:

هونەری نواندن پرۆسەیەکی دەروونی و جەستەییە کە تێیدا ئەکتەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئامرازەکانی خۆیەوە (دەنگ و جەستە) ژیان بە بەرکارەکتەرێکی خەیاڵیدا بکات لە شانۆدا، کە ئەکتەر ڕووبەڕووی تەحدایەکی ڕاستەوخۆ دەبێتەوە لەگەڵ بینەر، کە پێویستی بە وزەیەکی دەنگی و جەستەیی بەرز هەیە بۆگەیاندنی هەست و ماناکان بۆکۆتا ڕیزی هۆڵەکە.

توانا دەنگییەکان تەنها بریتی نین لە بەرزکردنەوەی دەنگ، بەڵکو پەیوەستن بە هەناسە، تۆن، ڕیتم و دەربڕینی دروست. بە هەمان شێوە، توانا جەستەییەکان بریتی نین لە جوڵەی هەڕەمەکی، بەڵکو بریتییە لە زمانی جەستە، جوڵەو دەنگ و کۆنترۆڵکردنی فەزا. شانۆی ڕۆمیۆ و جولێت ی شەکسپیر، وەک یەکێک لە دەقە کلاسیکییە هەرە بەناوبانگەکان، نموونەیەکی دیارە بۆ تاقیکردنەوەی ئەم توانایانە. ئەم نمایشە تێکەڵەیەکە لە شیعر و پەخشان هەروەها دیمەنی ڕۆمانسی. و دیمەنی ململانێ تێدایە، کە وادەکات ئەکتەر پێویستی بە ئاستێکی باڵای تەکنیکی هەبێت. لەم توێژینەوەیەدا، تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگ و جەستە وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئەدا، و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە کارەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییەدا . ئەکتەر دەبێت جەستە و دەنگی خۆی وەک ئامرازێکی مۆسیقی ڕێکبخات، تا بتوانێت ئاوازی ڕۆح بژەنێت.

## یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە:

ئەدای دەنگی و جەستەیی بە یەکێک لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکان دادەنرێت لە بنیاتنانی کەسایەتیی ئەکتەری شانۆیی و گەیاندنی مانای درامی و جوانیی نمایشەکە، بەو پێیەی تواناکانی دەنگ بەشداری دەکەن لە دەربڕینی سۆزداری و ئیلقائی (شێوازی وتن) و پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەردا، لە کاتێکدا تواناکانی جەستە ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە بەرجەستەکردنی جووڵە و ئاماژە و پێکهاتەی بینراوی نمایشەکە.

سەرەڕای گرنگیی ئەم دوو ڕەهەندە، تێبینی دەکرێت کە نمایشە شانۆییە کوردییەکان لەو توێژینەوە شیکارییە زانستییانە بێبەشن کە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی ئەم توانایانە دەکەن لای ئەکتەرەکان و تایبەتمەندی و ئاماژە ئەداییەکانیان ئاشکرا دەکەن.

لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە لە پێویستیی ناسینی سروشت و ئاستی تواناکانی دەنگ و جەستە لە ئەدای ئەکتەردا لە نمایشە شانۆییە کوردییەکاندا دیاری دەکرێت، بە وەرگرتنی شانۆگەریی (ڕۆمیۆ و جولێت)وەک نموونەیەک بۆ شیکردنەوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەم پرسیارەی خوارەوە: ئەو توانا دەنگی و جەستەییانە چین کە لە ئەدای ئەکتەردا لە نمایشە شانۆییە کوردییەکاندا بەردەستن؟ وە ئاستی بەکارخستنیان لە شانۆگەریی ڕۆمیۆ و جولێت دا وەک نموونە چۆنە؟

### گرنگیی توێژینەوەکە:

١ - کتێبخانەی شانۆی کوردی لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردنی بە سەرچاوە و زانیاری نوێ بۆ پەروەردەی دەنگی و جەستەیی ئەکتەر کە بابەتێکە پێویستی بە توێژینەوەی بەردەوام هەیە بۆ گەشەپێدانی هونەری نواندن لە هەرێمی کوردستاندا.

٢ - قوتابیان و مامۆستایانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان و ئەکتەرە هاوپیشەکان و ئارەزومەندانی بواری شانۆ، لە ڕێگەی ئاشنابوونیان بە واقیعی توانا دەنگی و جەستەییەکانی ئەکتەران لە نمایشەکانی شانۆی کوردی و بەتایبەتی شانۆی ڕۆمیۆ و جولێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

بریتیە لە دەرخستنی توانا دەنگی و جەستەییەکانی ئەکتەر لەنمایشی. شانۆی کوردی (ڕۆمیۆو جولێت) بەنموونە، کە لە دەرهێنانی (فازڵ جاف)ە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## سنوورەکانی توێژینەوەکە:

١.سنووری بابەتی: توانا دەنگی و جەستەییەکانی ئەدای ئەکتەر لەنمایشی- شانۆی (ڕۆمیۆو جۆلێت).
٢.سنووری کات: ساڵی ٢٠٢٤ (ساڵی نمایشه کەیه)
٣.سنووری شوێن: باشوری کوردستان-سلێمانی

## زاراوەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم: توانای دەنگی

توانای دەنگی "بریتییە لە کۆکراوەی هێزی فیزیکیی دەنگ کە دەرئەنجامی فراوانیی لەرینەوە و تەوژمی دەرچوونی دەنگە لە دەمەوە، لەگەڵ هونەری بەکارهێنانی ئەو هێزە لە گەیاندنی پەیامدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو و کاریگەر. ئەم توانایە ڕێگە بە قسەکەر دەدات کە کۆنترۆڵی گۆڕانکارییە دەنگییەکان (تۆن، ریتم، هەست). بکات و بەپێی بارودۆخ و مەبەستی قسەکردنەکە دایبڕێژێتەوە، بە جۆرێک کە دوور بێت لە شێواوی و زیان گەیاندن بە وتارە دەنگییەکان."(عبدالحميد و فريد ، ١٩٨٠، ص١٤٣) هەروەها کریم خنجر دەڵێ، "گوزارشتکردن بە توانای دەنگ بریتییە لە ڕاگەیاندن و گەیاندنی زانست و زانیارییەکان بە ئەوانەی دیکە، دەنگ بریتییە لە ئامرازی گوزارشتکردن لە هەست و پێداویستییەکان و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان کەسەکاندا. دەنگ بە چینەکانی و خەسڵەتە جیاوازەکانی کەسەکان لە یەکدی جودا دەکاتەوە، هەر کەسێک چینێکی دەنگی تایبەتی هەیە، هەروەها سروشتی دەنگەکەی دیاریکراوە، کە خاوەنی هێز و ڕیتمی تایبەتی خۆیەتی.زۆربەی توخمەکانی نمایشی- شانۆیی دەتوانرێت بە چاو ببینرێن، جگە لە دەنگ، کە وەرگر بەهۆی گوێیەکانی پێشوازییان لێ دەکات."(خەنجەر، ٢٠٢٣، ل٤٩) فرحان بلبل بەمشێوەیە باسی دەکات. "توانای دەنگی  لە شانۆدا تەنها بۆ بیستن نییە، بەڵکو بۆ بینین. دەنگ بریتییە لە جەستەی نەبینراو ئەکتەر پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی سێ لایەنی سەرەکی دەنگ هەیە: هەناسە سەرچاوەی وزەی دەنگ.دەربڕین ڕوونی وتنی وشەکان. وە لە بەکارهێنانی تەکنیکی سیستەمی هەناسەدان و دەنگەژێیەکان بۆ دروستکردنی فرێکانسێکی کاریگەر کە بتوانێت هەست و مانای وشە بگەیەنێتە ئەم توانایە تەنها بریتی نییە لە بیستن بەڵکو بریتییە لە تێگەیشتن لەوەی کە وشەکان لە پارچەی بچووکتر (کە پێیان دەوترێت فۆنیم یان دەنگ) پێکهاتوون."(بلبل ، ١٩٩٦، ص١٣)، سامی عبدالحميد لە کتێبی فن الالقاء کە دەڵێ. "توانا دەنگییەکان:مەبەست لێی کۆی ئەو کارامەیی و تەکنیکانەیە کە پەیوەستن بە مێکانیزمی بەرهەمهێنانی دەنگ. ئەمەش هەناسەدان، دەنگ دەرکردن، زرنگانەوە، و دەرچوونی پیتەکان دەگرێتەوە. توانا دەنگییەکان ئامرازی سەرەکی ئەکتەرن بۆ گەیاندنی بیر و سۆز بە گوێی بینەر بەبێ ماندووبوون یان زیان گەیاندن بە دەنگەژێکان." (عبدالحميد و فريد، ١٩٨٠، ص٦٧) لە ڕوویەکی ترەوە بەم شێوەیە باس دەکرێت . "توانای دەنگ بە یەکێک لە گرنگترین ئەو پێداویستییانە دادەنرێت کە ئەکتەر و ئیلقاکار (پێشکەشکار) پێویستیان پێیەتی، جا وتاربێژ بێت یان شاعیر. مەبەستمان لە توانای دەنگ لێرەدا هاوارکردن نییە بە سروشتی حاڵ، بەڵکو مەبەست لێی ئەو دەنگە درێژکراوەیەیە (مەودا دارەیە) کە بە ڕوونی دەگات و لەلایەن ئەو کەسەی کە لە شوێنێکی تاڕادەیەک دوورە بە ڕوونییەکی تەواوەوە دەبیسترێت."(هارف و دعج ، ٢٠١٦، ص٩٠) لە فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی باسی لیوە دەکرێ "ئەو فاکتەرانەن کە دەبنە هۆی ئاڤتاوی و گەیاندنی دەنگ. بەشێک

له لێکۆڵەران وای بۆ دەچن کە ئەکتەری (گریک)ی جۆرە دەمامکێکی بەکاربردبێ، کە دەمێکی تایبەتی هەبووبێ و دەنگی زەبەلاح کردبێتەوە. وەلێ زۆربەی ئەو لێکۆڵەرانە پێیان وایە کە هۆڵی شانۆی یۆنانی خۆی لەخۆیدا فاکتەری گەیاندنی دەنگەکان بووبێت ئەویش دەگەڕێتەوە بۆچەند سۆنگەیێک." (کاردۆ، ٢٠٠٦، ل٨) دوابە دوای پێناسەکانی سەرەوە توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی توانا دەنگی دەکات .مەبەست لە توانای دەنگ، واتە (ڤۆلیوم)ی دەنگ. زانست پەنجە بۆ ئەوە درێژ ئەکا کە لە تواناداا هەیە ئادەمیزاد تینی دەنگی گەشە پێبدا. زۆر ڕاو بۆچونی شارەزایان هەیە لەوانە. تینی دەنگ لە گەورەیی سینگ و ئەوەندە هەوایەی کە لێی دێتە دەرێ و ئەو بۆشاییانەی تر کە دەنگ گەورە ئەکەن دوای قورگ وەک گەرو و بۆشایی دەم و بۆشایی لوت هەموویان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بەم کارەوە. هەروەها شێوە و مۆرکی دەنگیش لەوانەوە ڕەنگی کۆتایی خۆی وەردەگرێ کە گوێی ئادەمیزاد لە یەکیان جیادەکاتەوە.

**دووەم: توانای جەستەیی**

توانا جەستەیی: لە سەرەتادا زاراوە یۆنانییەکە بە ناوی (Mimos) هاتوە، کە مەبەست لێی گۆڕانییێژ یان سەماکار بوو، هەروەها مەبەست لێی خودی کارە هونەرییەکەش بووکە پێشکەش دەکرا. بەپێی ئەم زاراوەیە، جەستە بۆ خۆی خاوەن واتایەکی تایبەتە و لە هەمان کاتدا دەبێتە نمایشێکی هونەری. دواتر چەند وشەیەکی تر دەرکەوتن وەک لە سەدەی هەژدەیەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕۆمانسیزم واتا و مەودای ئەم چەمکە فراوانتر بوو.لە زمانی فەرەنسیدا زاراوەی (Mimetisme) دەرکەوت کە بە واتای ئاماژە و جوڵە دێت. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Mimesis) بەکارهات کە ئاماژەیە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ڕیتمەکانی مرۆڤ دەکاتە خاوەن سیفەت و تایبەتمەندییەکی دیاریکراو کە ئامادەی دەکات بۆ ئەنجامدانی کار و جوڵە. ".(الكاشف ، ٢٠٠٦، ل ٥٥) دوای ئەوە، شانۆ بووە مەیدانی لێشاوێکی بێ وەستان لەو زاراوە هاوچەرخانەی کە ئاماژە بۆ هەمان چەمک دەکەن، لەم زاراوە شانۆییدا، "توانای جەستەیی تەنیا بە واتای بەهێزیی ماسولکەکان نایەت، بەڵکو چەمکێکی قووڵترە و پەیوەستە بە توانای ئەکتەر بۆ بەکارهێنانی جەستەی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ گەیاندنی پەیام، هەست، و بیرۆکەکان.لێرەدا پێناسە و ڕەهەندەکانی ئەم زاراوەیە توانای جەستەیی لە ئامادەیی و لێهاتوویی فیزیۆلۆژی و دەروونیی ئەکتەر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو جوڵە، ئاماژە، و نیشانە جەستەییەکان لەسەر تەختەی شانۆ، جەستە لێرەدا دەبێتە زمانێکی بێدەنگ کە بینەر لێی تێدەگات. "(سلام ، ٢٠٠٤، ل٣٦٥) وەهەروەها لە دیدی دەرهێنەرانەوە کە دەڵێن "جەستە یەکەمین و دوایین ئامرازی ئەکتەرە لە شانۆی مۆدێرن و تیۆرەکانی وەک (مێیرهۆڵد، گرۆتۆفسکی)، جەستە پێش دەنگ دەخرێت. توانای جەستەیی ڕێگە بە ئەکتەر دەدات فەزای شانۆ داگیر بکات بە ئامادەییەکی بەهێز کەمکردنەوەی پشتبەستن بە وشە هەندێک جار جوڵەیەک کاریگەرترە لە لاپەڕەیەک دیالۆگ."(برونير، ٢٠١٨، ص١٨١) دەرهێنەر پیتەربروک بەم شێوەیە باسی دەکات برۆک پێی وایە" جەستەی ئەو ئەکتەرەی کە ڕانەهێنراوە وەک ئامێرێکی مۆسیقای نەسازێنراو وایە، ا برۆک جەستەی ئەکتەر بە ئامێرێکی مۆسیقا دەچوێنێت. تەنها لە ڕێگەی مەشقەوە جەستە دەسازێنرێت و ئامادە دەبێت بۆ نواندن.نەهێشتنی لە جستەی ڕەق ولەرزینی زیادە مەشقکردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەکتەر لەو گرژییە دەروونی و جەستەییانە ڕزگاری بێت کە ڕێگرن لە نواندنێکی باش." (الجوذري ، ٢٠١٩، ص٧٣) دوای پێداچوونەوە بە پێناسە تیۆرییەکان، توێژەر بەم شێوەیە پێناسی توانای جەستەیی دەکات: توانای جەستەیی بریتییە لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

کارایی و توانستی گشتیی کۆئەندامەکانی جەستە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە جوڵەییەکانی جەستەی ئەکتەر وەک مەکینە یان ئامێرێک وایە، دەبێت خاوەنی بەرزترین ئاستی توانای جەستەیی بێت. ئەکتەر دەبێت کۆنترۆڵێکی تەواوەتی بەسەر جوڵەکانیدا هەبێت. توانای جەستەیی تەنها هێز نییە، بەڵکو بریتییە لە هاوسەنگی و ڕێکخستنی جوڵە ئەکتەر دەبێت لە ڕێگەی جوڵەی دەرەکییەوە هەستە ناوەکییەکان دروست بکات. ئەگەر جەستەی ئەکتەر نەرم و بەهێز و ڕاهێنراو نەبێت، ناتوانێت ئەو فۆرمە جەستەییانە وەربگرێت کە واتاکان دەگەیەنن.

**سێیەم: ئەدای ئەکتەر**

لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەروەکو لە فەرهەنگی مونجیدا هاتووە، کە لە زمانی عەرەبیدا ناوێکی وەرگیراوە لە کاری (ادى) بەواتای (اوصل الشیء او قضاه) لێرەدا (الاداء) بەواتای (القضاء) یان (الایصال) دێت، هەروەها لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بەواتای (ادى الشیء اوصله) هاتووە. وەکو زاراوە (الاداء) (گۆردن) وای پێناسە دەکات، کە بریتییە لە (القدرة على الاستجابة لمحرك تصوری) واتە، توانای وەڵامدانەوەی جوڵێنەرێکی بیرییە، هەروەها (القدره) توانا، بەواتای ڕێکخستنێکی بە ئەدای ئەکتەر بریتییە لە پرۆسەی بەرجەستەکردنی سیستماتیکی کەسایەتی، کە تێیدا ئەکتەر ئامرازە دەروونی و جەستەییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ گۆڕینی دەقێکی ئەدەبی بۆ کارێکی نمایشی. ئەم زاراوەیە گوزارشت لەو هاوسەنگییە دەکات کە لە نێوان تەکنیکی نواندن و ڕاستگۆیی گەیاندنی هەستەکاندا دروست دەبێت بۆ کاریگەریکردن لە وەرگر.ڕێوەبەری بۆ کارێک یان پرۆژەیەک دێت، (خەنجەر، ٢٠٢٣، ل١٤) لەرووی زاراوەیی: ئەدای ئەکتەر بریتییە لە پرۆسەی بەرجەستەکردنی سیستماتیکی کەسایەتی، کە تێیدا ئەکتەر ئامرازە دەروونی و جەستەییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ گۆڕینی دەقێکی ئەدەبی بۆ کارێکی نمایشی. ئەم زاراوەیە گوزارشت لەو هاوسەنگییە دەکات کە لە نێوان تەکنیکی نواندن و ڕاستگۆیی گەیاندنی هەستەکاندا دروست دەبێت بۆ کاریگەریکردن لە وەرگر.

دەرهێنەر و تیۆریستە جیهانییەکانی شانۆ لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە شرۆڤەیان بۆ کردووە لە ڕوانگەی (کۆنستانتین ستانیسلافسکی)یەوە. " ئەدای ئەکتەر بریتییە لە ژین لەناو ڕۆڵدا ئەو پێی وایە ئەکتەر دەبێت لە ڕێگەی ئەگەرە سیحراوییەکان و کاوێژکردنی دەروونی یەوە، ڕاستگۆییەکی ناوەکی بۆ ئەداکەی دروست بکات، بە جۆرێک کە پرۆسەکە لە نواندنەوە بگۆڕێت بۆ بوون لەسەر شانۆ و دەرخستنی ژیانی ڕۆحیی کارەکتەرەکە. " (ولیم، ٢٠٦، ل٩٢) لە دیدی مایەرهۆڵد ئەدای سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئەکتەر بتوانێت لە ڕێگەی فۆرم و جوڵەی دەرەکییەوە، هەست و واتاکان بە بینەر بگەیەنێت، نەک تەنها بە هەستی ناوەکی." (صلاح ، ٢٠٠٥، ل١٥٣) هەروەها (جێرسی گرۆتۆفسکی) وەک کارێکی پیرۆز سەیری ئەدا دەکات و دەڵێت " ئەکتەر دەبێت لە کاتی ئەدادا خۆی ڕووت بکاتەوە لە هەموو دەمامکە کۆمەڵایەتییەکان. لای ئەو، ئەدا بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوورەکان و گەیشتن بە ئەدایەکی تەواو کە تێیدا ئەکتەر خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی ڕاستییە شاراوەکان بۆ بینەر ئاشکرا بکات " (الجوذري، ٢٠١٩، ص٧٤) لە المعجم المسرحي " ئەدا بریتییە لە کاری ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، هەروەها جوڵە و شێوازی وتن (إلقاء) و دەربڕین بە ڕوخسار و جەستە، و ئەو کاریگەرییەی کە ئامادەبوونی ئەکتەر دروستی دەکات." (الیاس و حسن ، ١٩٩٧، ص١٤)، توێژەر لەم بوارەدا پێناسەیەکی گشتگیر دەخاتە ڕوو و دەڵێت ئەدای ئەکتەر بریتییە لەو پرۆسە داهێنەرانەی کە تێیدا ئەکتەر هەموو ئامرازە جەستەیی، دەنگی، و دەروونییەکانی خۆی

بەکاردەهێنێت بۆ گۆڕینی دەقێکی نووسراو یان بیرۆکەیەک بۆ شێوەیەکی زیندوو لەسەر تەختەی شانۆ ئەمەش لە ڕێگەی کارلێکی بەردەوام لەگەڵ فەزا و کات و بینەردا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی گەیاندنی واتا و کاریگەرییەکی دیاریکراو سەبارەت بە سروشت و شێوازی ئەم ئەدایە، وەک پردێک کار دەکات کە تێیدا ئەکتەر خودی خۆی وەلا دەنێت و دەچێتە ناو ناخی کارەکتەرەکە تا بتوانێت ڕاستییەکی هونەریی باوەڕپێکراو لەسەر شانۆ بخوڵقێنێت. ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆسەیە دروستکردنی کارلێکێکی ڕاستەقینەیە لەگەڵ جەماوەردا بە جۆرێک کە بینەر بڕوا بەو واقیعە بهێنێت کە ئەکتەرەکە بەرجەستەی دەکات

**چوارەم: نمایشی شانۆیی**

لای زۆربەی تیۆریزانی بواری شانۆ، نمایش تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێک نییە، بەڵکو کردەیەکی زیندووە کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات. پیتەر بروک پێناسەیەکی زۆر بنەڕەتی بۆ نمایش دەکات '' دەتوانم هەر فەزایەکی چۆڵ بە شانۆیەکی ڕووت ناوزەد بکەم. پیاوێک بەناو ئەم فەزا چۆڵەدا دەڕوات لە کاتێکدا کەسێکی تر سەیری دەکات، و ئەوە بەسە بۆ ئەوەی کردەیەکی شانۆیی ئەنجام بدرێت جەوهەری نمایش بریتییە لە بینراو و بینەر لە فەزایەکدا.'' (الجوذري ، ٢٠١٩، ص٧٢) لەڕوویەکی ترەوە باس دەکرێت کە نمایشی- شانۆیی بریتییە لە'' سیستمێکی پەیوەندیی ئاڵۆز کە تێیدا نیشانە دەنگی و بینراوەکان پێکەوە کارلێک دەکەن بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی واتایی، کە ئەکتەر بەرجەستەی دەکات و بینەر لە چوارچێوەیەکی کەلتووریدا لێکی دەداتەوە. نمایشی- شانۆیی هاوسەنگییەکی وردە لەنێوان ئەوەی دەبیسترێت و ئەوەی دەبینرێت. بۆ نموونە.لایەنی بیستراو مۆسیقا، دەنگی پێکان، دەف، و دیالۆگ. لایەنی بینراو. جوڵەی جەستە، ئاماژە. قژ، جلوبەرگ (وەک شاڵ)، و ڕەنگەکانی ڕووناکی.''(غالب ، ٢٠٠٦، ص٢١١)هەروەها لەروییەکی ترەوە '' نمایشی- شانۆیی هونەرێکی نواندنی زیندووە، کە تێیدا چیرۆکێک یان بیرۆکەیەک پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ڕووداوێکی ڕاستەقینە یان خەیاڵی لەلایەن ئەکتەرەکانەوە لەسەر تەختەی شانۆ و لەبەردەم جەماوەرێکی ڕاستەوخۆدا. ئەم نمایشە ڕەگەزەکانی گفتوگۆ (دیالۆگ)، جووڵە، سینۆگرافیا (دیکۆر و ڕووناکی) و میوزیک تێکەڵ دەکات، و لەلایەن دەرهێنەرێکەوە بەپێی دیدگایەکی هونەری ڕێکدەخرێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەزموونێکی بینراو و بیستراوی هاوبەش لەنێوان نمایشکاران و وەرگراندا.'' (ارمیا ، ٢٠١٦، ص٣٥) توێژەر دەمەوێت بڵێت نمایشی- شانۆیی بریتییە لە هەزاران وێنەی شانۆیی کورتکراوە و کورتنەکراوە، کە لە کاتی پیشاندانی ئەم وێنانەدا (لەیەکە چووکەکان) دەگۆڕێن، کە نمایشی- دراماتیکی لێ پێکدێت. نمایشی- شانۆیی پرۆسەیەکی گەیاندنی ئاڵۆزە لەسەر بنەمای دووانەیی ناردن و وەرگرتن بونیاد نراوە، کە تێیدا نێرەرێکی فرە لایەن وەک دەق و دەرهێنەر و ئەکتەرەکان کارلێک لەگەڵ جەماوەرێکی فرە ڕەهەند دەکەن. ئەم پەیوەندییە لەڕێگەی بەکارهێنانی زیرەکانەی توخمە هونەری و تەکنیکییەکانەوە هەوڵ دەدات پەیامێکی دیاریکراو بگەیەنێت و لەڕێگەی کاردانەوەکانی بینەرەوە بەهای ڕاستەقینەی هونەریی نمایشەکە دیاری دەکات.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

**یەکەم: توانا و تەکنیکە دەنگییەکانی ئەکتەر:**

دەنگ تەنها ئامرازێکی گواستنەوەی وشە نییە، بەڵکو وزەیەکی زیندووە کە بۆشایی شانۆ پڕ دەکاتەوە و هەستەکان دەگوازێتەوە. بۆ ئەوەی ئەکتەر بتوانێت بە سەرکەوتوویی پەیامەکەی

بگەیەنێت، '' . توانای بیستن ئەم تایبەتمەندییە تەنها بە واتای بەرزکردنەوەی دەنگ ناهێت، بەڵکو مەبەست لێی توانای گەیشتنی دەنگە بۆ دوورترین ڕیزی بینەران بەبێ ماندووبوونی ئەکتەرەکە. شیکردنەوە ئەکتەری سەرکەوتوو پشت بە هاوارکردن نابەستێت، چونکە هاوارکردن دەنگەژێکان بریندار دەکات و هەستەکان دەشێوێنێت. لەبری ئەوە، پەنا بۆ تەکنیکی هەناسەدانی ناوپەنچک دەبات. لەم ڕێگەیەوە دەنگ پاڵپشتی دەکرێت و دەتوانێت بە هەموو هۆڵەکەدا بڵاو ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەکتەرەکە بە چرپە ش قسە بکات، دەبێت هەموو بینەران بیبیستن. ئەمە پێی دەوترێت پڕۆژەکردنی دەنگ.'' (عبدالحميد و فريد ، ١٩٨٠، ص٦٧) کەواتا '' دەبێ ئەکتەر باش ئەوە بزانی، کە چۆن پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوانی دەنگ و ئاخاوتن دا هەیە، بۆیە دەبێ ببێتە خاوەنی دەنگێکی لەباری مەشقپێدراوی ئەوتۆی کە لە زرنگانەوەی دەنگیا سەرجەم هەستەکان بژین و بتوانی گشت ئەو ئاوازانەی پێ بژەنی، کە راستە و خۆ لەتەک هەست و ناخاندا دەدوێن. ئاخاوتن لە نواندا، یان ئاخاوتن لە نواندنی دراما‌دا، ئەو جۆرە ئاخاوتنەیە،'' (سالار، ٢٠١٠، ل١٧٦)، کەواتا دەنگ ئامرازێکی سەرەکیە بۆ ئەکتەر '' شانۆی کلاسیکی ژاپۆنیدا، دەنگ، بەشێوەیەکی جیاوازتر لە رۆئاوا، دروست دەکرێ و بەکار دەهێنرێت. لە هەردوو شانۆی کابووکی و نوودا، کاتێک پیەس؛ ئاخاوتن بەکار دێنێت ئەوا پەنا دەباتە بەر زمانێکی کۆن و تەرزێکی بەرزی ئاخاوتن. لە شانۆی نوودا، زمان ئەوەندە شێوەزارێکی کۆن بەکار دەهێنێت کە زۆربە کەمی خەڵکانی سادەی ژاپۆنی لە وشە و ماناکانیان تێ دەگەن. سەرباری ئەوەش، دەنگەکان درێژ دەکرێنەوە و بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی بەرز و نزمییان پێ دەکرێت. '' (مارشەل ، ٢٠١٣، ل١٧١ -١٧٢) ئەکتەر دەتوانێ بە چەند رێگایێک دەنگ بەکار بەهێنێ .'' ئەگەر هاتوو ئەوکەسە دەنگەژێیەکانی کورت و باریکەبن، ئەوا دەنگی بەرز دەبێ، یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر دەنگەژێیەکانی پان و ئەستوور بێ، ئەوا دەنگێکی گڕی دەبێ. هەرچۆن زانراوە، چەندە دەنگەژێ کورت و تەنک بێ لەرینەوەی پتر دەبێ، هەرچەندەش بە پێچەوانەی ئەوەوە بێ ئەوا دەنگەکە گڕو نێرانەتر دەبێ. بۆیە دەنگی ژنان لە دەنگی پیاوان تیژو بەرزترە، هەروەها بەهەمان شێوە دەنگی منداڵانیش بلندە، جگە لەمانە دەنگی پیرو بەساڵاچوانیش بەهۆی کاریگەری تەمەنەوە دەنگەژێ و سەرجەم ئەندامانی ئاخاوتنی تووشی خاو و خلیچکی دەبن، بۆیە ناتوانن گورجو گۆڵانە بدوێن، کەواتە لەرە دەنگیان نزمترو خاوترو کەمتر دەبێ و باش نابیسرێ. هەر لەبارەی لایەنی سروشتییەوە، دەبینن ئەوانەی بەژن بەرزن، گەردنێکی بەرزو قورگێکی گەورەتر و فراوانتریان هەیە. هەر لە ڕووی کاردانەوەی لەش و لاری سەر دەنگ، کەسانی قەڵەو گەروویان تەسک و تەنگە، بۆیە دەنگیان تیژو بەرزە. لە ڕووی ڕەگەزیشەوە ڕەش پێستان، دەنگیان بەهێزو بەڕینە، چونکە بەرەگەز قورگیان لە ڕەگەزەکانی دیکە گەورەترە و، زەرد پێستانیش، یان زەرد ڕەگەز، بەهۆی ئەوەوەی قورگیان گچکەیە، دەنگیان تیژو بەرزە.'' (سالار، ٢٠١٠، ل١٧٧)، پێویستە ئەکتەر لە کاتی ئاخاوتندا، بە و پەڕی هۆشیارییەوە، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات.

١ -دەبێ بە و پەڕی ڕوون و ڕەوانییەوە دایلۆگەکە بە وەرگران بگات.

٢ -دەبێ بە گەرم و گوڕی جوانترین شێوە هەست و واتا و هەڵچوونە دەروونییەکانی دووتۆێ وشە و ڕستەکان بە وەرگران بگات و کاردانەوەیان هەبێ.

٣- لایەنی تەکنیکی بۆ هونەری ئاخاوتن لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنرێ. هەمیشەش لە لایەن زانایانی بوارەکەوە، جەخت لەسەر کۆنترۆڵ کردنی سەرجەم ئەندامانی ئاخاوتنەوە لە لایەن ئەکتەرەوە کراوە، یەکێ لەو لایەنانە، لایەنی کۆنترۆڵ کردنی هەناسەیە، بۆ ئەوەی ئەکتەر

بتوانێ بەجوانی هەناسەکەی لە تەک کورتی و درێژی دایلۆگەکەیدا، یان مۆنۆلۆگەکەیدا بگونجێنێ، بۆیە پێشنیاری ئەم چەند مەشقە بۆ ئەکتەران دەکەم. (سالار، ٢٠١٠، ل١٧٩)

**دووەم: توانا جستەیەکان و زمانی جەستە**

لە جیهانی نواندندا، جەستەی ئەکتەر تەنها کەرەستەیەکی فیزیکی نییە، بەڵکو زمانێکی زیندوو و ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ گواستنەوەی مانا و هەستەکان بۆ بینەر. لەوکاتەوەی مرۆڤ شانۆی داهێناوە، جەستە وەک سەنتەری کردەی نمایش ماوەتەوە، چونکە پێش ئەوەی وشە و دەق بێنە کایەوە، جووڵە و ئاماژە جەستەییەکان بوون کە چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە. '' توانا جەستەییەکان بریتین لەو لێهاتووییە فیزیکییانەی کە ئەکتەر پێویستییەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەکۆ. ئەمە تەنها لە هێزی ماسولکەدا کورت نابێتەوە، '' (الكاشف، ٢٠٠٦، ل٣٥) هەروەها لە دیدی دەرهێنەرەوە '' شانۆکاران بە تایبەت لە دەرەوەی شانۆی ئەورووپایی، دەستەواژەی زمانی جەستە لەبری شانۆکاران، بە تایبەت لە دەرەوەی شانۆی ئەورووپایی، دەستەواژەی زمانی جەستە لەبری پلاستیکا بەکار دەهێنن، ئەمەش بە رای من پراوپڕ و دروست نییە. زمانی جەستە بۆ بواری دەروونناسی "سایکۆلۆژیا" پراوپڕ و شیاوترە، هەرچی پلاستیکایە بۆ شانۆ، بۆ ئەکتەر و سەماکەر و یاریزانانی سیرک، زۆر شیاوترە.بەکار دەهێنن، ئەمەش بە رای من پراوپڕ و دروست نییە. زمانی جەستە بۆ بواری دەروونناسی سایکۆلۆژیا پراوپڕ و شیاوترە، هەرچی پلاستیکایە بۆ شانۆ، بۆ ئەکتەر و سەماکەر و یاریزانانی سیرک، زۆر شیاوترە.'' (جاف ، ٢٠٢٣، ل٧٥)، بۆ زیاتر مەبەستی پلاستیکا ''پلاستیکا واتە: ئاکار و رەفتاری جەستە، لە جووڵان و نەجووڵاندا، لە دۆخی وزە و دەربڕیندا، لە هەبوونیدا لەگەڵ جەستەکانی دیکە و لەناو پانتاییدا.

لەم چەمکەوە بۆ پلاستیکای جەستە، زمانی جەستە، بە تایبەتی زمانی ئاماژەکانی ئەکتەر، رۆڵێکی زۆر کاریگەر لە میزانسینیدا دەبینێت، پلاستیکای بە دیقەت دانراو، لەگەڵ ئاماژەی پڕمەبەست و ئامانجدا، میزانسیێنی مانابەخش و هونەری و دینامیک دێننە گۆڕێ، ئەو دینامیزمە میرهولد بە حەوزی ماسی ئەکواریۆم ی دەچوێنێت، ئەکتەرەکانیش، کە بەردەوام بە نەرمی و هاوئاهەنگییەوە دەجووڵێن و دابەش دەبن، بە ماسیی رەنگاورەنگ.'' (جاف ، ٢٠٢٣، ل٧٥ - ٧٦)، ئەکتەر دوو زمانی هەیە، زمانی کە بەدەنگ دەدوێ و زمانی بە جەستە دەدوێ و دەبێ هەردوو زمان لە ئاخاوتن و دەربڕیندا هاوتا بن. '' زمانی جەستە، ئەو زمانەیە کە جوانی و ژیان بە هونەری نواندن دەدات، ئەم زمانەش وەک زمانەکانی دیکە، دەتوانێ بە تواناترین شێوەی دەربڕین و گەیاندن بێ. لە گشت جووڵاندنەوەیەکدا باری کەسایەتییەکە دەنوێنێ و، لایەنەکانی کەسایەتییەکە دەخاتە ڕوو، بۆیە ئەکتەر دەبێ گەلێک بە وردی بچێتە بنج و بنەوانی کارەکتەرەکەی و، سەر بە گشت کۆن و قوژبنێکی ژیانیدا بکات، کەواتە جووڵە و هەڵس و کەوت، هەروەک شێوازی ئاخاوتن بە جەرگەی ژیان و ژینگەی کەسەکەوە پەیوەستە.''(سالار، ٢٠١٠، ل١٦٧) دەمانەوێ سەرنجێ بدەینە ئەو دوو زمانە بەزانین تا چەنێ هاوتان (زمانی دەنگ )ئەمە تەنیا وشەکان نییە، بەڵکو تۆنی دەنگ ئایا دەنگەکە توورەیە، خەمناکە، یان شادە.بەرز و نزمی چۆن دەنگەکە لەگەڵ هەستەکان دەگۆڕێت. خێرایی ئاخاوتنی چۆنە هەندێک کات خێرا قسەکردن نیشانەی دڵەڕاوکێیە. (زمانی جەستە )ئەکتەر بە هەموو ئەندامەکانی جەستەی قسە دەکات، وەک کاردانەوەی دەموچاو چاو، برۆ و لێوەکان ئەمانە گوزارشت لە ناخی ئەکتەرەکە


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دەکەن. جوڵەی دەست و قاچ دەستەکان دەتوانن جەخت لەسەر مانای وشەکان بکەنەوە. وەستان و جوڵە شێوازی ڕاوەستانی ئەکتەر ئاستی متمانە بەخۆبوون یان شکستی نیشان دەدات. ئەگەر ئەکتەرێک بڵێت من زۆر دڵخۆشم (بە زمانی دەنگ)، بەڵام دەموچاوی گرژ بێت و شانی شۆڕ بێت (بە زمانی جەستە)، بینەر بڕوای پێ ناکات. ئەم ناحەزیی و ناهاوتاییە دەبێتە هۆی ئەوەی نواندنەکە دەستکرد و بێمانا دەربکەوێت.ڕاستگۆیی لە هەستدا کاتێک هەستەکە لە ناخەوە ڕاستگۆ بێت، دەنگ و جەستە خۆبەخۆ یەک دەگرن. ئەکتەری سەرکەوتوو دەزانێت چۆن جەستەی بەکاربهێنێت بۆ تەواوکردنی ئەو پەیامەی بە دەنگ دەیڵێت

**سێیەم: هارمۆنی نێوان دەنگ و جەستە**

ئەکتەری باش ئەو کەسەیە کە وزەی دەنگ و جەستەی یەک بخات. ئەگەر دەنگ بەرز بێت و جەستە سست بێت، نواندنەکە ناڕاست دەردەکەوێت. دەبێت هاوسەنگی هەبێت. '' هەر جووڵەیەکی جەستەیی، دەبێت پاڵنەرێکی دەروونی لە پشتەوە بێت، و هەر هەستێکی دەروونیش دەبێت فۆرمێکی جەستەیی وەربگرێت بۆ ئەوەی تەواو بێت لەم ڕوانگەیەوە، ئەکتەر ناتوانێت بە دەنگێکی تووڕە قسە بکات لەکاتێکدا جەستەی لە دۆخی خاوبوونەوە دایە. ئەمە بە درۆی شانۆیی ناو دەبرێت. توانا ئەکادیمییەکان ئەوە فێری ئەکتەر دەکەن کە چۆن سەنتەری جەستە بەکاربهێنێت بۆ پاڵپشتیکردنی دەنگ. بۆ نموونە، لە کاتی هاوارکردندا، ئەکتەر دەبێت قاچەکانی چەق بکات و ماسولکەکانی سکی توند بکات، ئەمە وای لێ دەکات دەنگەکە بە هێز و بێ زیان دەربچێت. توانای دەنگی و جەستەیی دوو ڕووی یەک دراون؛ پەرەپێدانی یەکیان بەبێ ئەوی تر دەبێتە هۆی لاسەنگی لە ئەدادا. ڕاهێنانی ئەکادیمی تەنها بۆ فێربوونی جووڵە نییە، بەڵکو بۆ لابردنی ڕێگرییە دەروونی و جەستەییەکانە. سەرکەوتنی ئەکتەر لە بەرجەستەکردنی کارەکتەردا پەیوەستە بەوەی تا چەند دەتوانێت جەستە و دەنگی بخاتە خزمەت مانا و هەستی کارەکتەرەکەوە.'' (غالب ، ٢٠٠٦، ص١٩٩) بەزانین پەیوەندی سایکۆفیزیک چیە بە هارمۆنی نێوان دەنگ و جەستە.'' کۆنستنتین ستانیسلاڤسکی لە کۆتایی ژیانیدا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ڕێگای گەیشتن بە هەستی ناوەوە، لە ڕێگەی کرداری جەستەییەوەیە. کاتێک جەستە دەجوڵێت، دەنگ گۆڕانکاری بەسەردا دێت. کاتێک ئەکتەرێک بە خێرایی هەناسە دەدات (جەستەیی)، دەنگی دەلەرێت و هەستی ترس دروست دەکات دەروونی هیچ کردارێکی جەستەیی نییە کە ڕەنگدانەوەی دەنگی نەبێت، و هیچ دەنگێک نییە بەبێ بەشداری جەستە دروست ببێت . '' (الجوذري ، ٢٠١٩ ص٩٤)، هارمۆنی نێوان دەنگ و جەستە بریتییە لە دۆخێکی یەکگرتووی ئۆرگانی کە تێیدا جوڵەی جەستە و لەرەلەری دەنگ بە شێوەیەکی هاوکات و هاوسەنگ کاردەکەن بۆ گەیاندنی یەک پەیام یان یەک هەستی دیاریکراو بە جۆرێک کە جەستە ببێتە ڕەنگدانەوەی دەنگ و دەنگیش ببێتە تەواوکەری جوڵە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی هەر جۆرە ناڕاستی و درۆیەکی نواندن لەبەردەم بینەردا.

با لە سێ ڕەهەندی سەرەکی یەوە رونیکەینەوە

ڕەهەندی دەروونی: هەر یەکیان لە یەک سەرچاوەی هەستییەوە لە ناوەوەی مرۆڤ دەست پێ دەکەن.

ڕەهەندی فیزیکی: هیچ لایەکیان (دەنگ یان جەستە) بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ نابێت و وزەکانیان یەکسان دەبێت.

ڕەهەندی گەیاندن: کاتێک ئەم هارمۆنییە هەبێت، پەیامەکە بە ڕاستگۆیی دەگات و بینەر بڕوات پێ دەکات.

بەکورتی، ئەم هارمۆنییە واتە ئەو شتەی دەیڵێیت (بە دەنگ)، لەگەڵ ئەو شتەی دەیکەیت (بە جەستە)، یەک بن

**چوارەم: دەنگی ئەکتەر لە میتۆدی ستانسلافسکیدا**

لە دنیای هونەری شانۆ و نواندندا، کۆنستانتین ستانسلافسکی وەک ڕابەرێکی مەزنی ڕیالیزم و دامەزرێنەری سیستەمێکی زانستی بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر دەناسرێت، کە تێیدا هەوڵ دەدات پردێک لە نێوان ژیانی ناوەوەی ئەکتەر و جەستەی دەرەوەیدا دروست بکات. ئەگەرچی زۆر جار کاتێک باسی میتۆدی ستانسلافسکی دەکرێت، ڕاستەوخۆ هزری مرۆڤ بۆ لای بیرەوەریی سۆزداری و ئەگەری سیحری و ژیانی دەروونی دەچێت، بەڵام ئەمە تەنها نیوەی ڕاستییەکەیە. ستانسلافسکی لە قۆناغەکانی کۆتایی ژیانیدا و بەتایبەتی لە کتێبی بونیادنانی کەسایەتی دا، جەختێکی ئێجگار زۆری کردووەتەوە سەر ئامرازە دەرەکییەکانی ئەکتەر کە بریتین لە جەستە و دەنگ. لە دیدگای ئەم مامۆستایەوە، دەنگ تەنها ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی زانیاری، بەڵکو ئاوێنەی ڕۆحە و ئەو کەرەسە ناسکەیە کە دەبێت وردترین هەست و نەستەکانی ناخی مرۆڤ بەرجەستە بکات. دەنگ لەم میتۆدەدا پرۆسەیەکی میکانیکی ڕووت نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە تەکنیکی فیسیۆلۆژی و قوڵایی سایکۆلۆژی کە ئەکتەر دەبێت ساڵانێکی زۆر مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بکات تاوەکو بتوانێت وشەکان وەک مروارییەکی ڕێکخراو لەسەر تەزبیحێک دابنێت و ڕاستگۆیی هونەری پێ ببەخشێت. لێرەدا بە وردی تیشک دەخەینە سەر چەمکی دەنگ و ئاخاوتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی وەک کەرەسەیەکی کاریگەر بۆ گۆڕینی دۆخی بەرانبەر و دروستکردنی ژیانی سەر شانۆ." دەنگ لەلای ستانسلافسکی بەستراوەتەوە بە ئامادەیی جەستەیی و ڕزگاربوون لە گرژیی ماسولکەکان، چونکە بە بڕوای ئەو دەنگێکی ئازاد تەنها لە جەستەیەکی ئازادەوە دەردەچێت. کاتێک ئەکتەر تووشی گرژی و شڵەژان دەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر قورگ و سنگ و هەناسە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگەکە کانزایی و وشک و بێ گیان دەربچێت. بۆیە یەکەم هەنگاو لەم ڕێبازەدا بریتییە لە دۆزینەوەی خاڵی سفر لە گرژییەکان و ڕێکخستنی هەناسەدان، چونکە هەناسە سەرچاوەی وزەی دەنگە و بەبێ هەناسەیەکی قوڵ و ڕێکخراو، ئەکتەر ناتوانێت کۆنترۆڵی ڕیتم و تۆنی دەنگی خۆی بکات. " (الجوذري ، ٢٠١٩، ل٥٨) ئەم پرۆسەیە تەنها مەشقێکی وەرزشی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی دەروونییە "پەرەپێدانی ئامێرەکانی دەنگ یان ئەو کەرەستانەی دەنگ دروست دەکەن، بە شێوەیەکی تایبەت و پێویست، ڕاهێنان کردن بە ئامێرەکان، چۆنیەتی هەناسەدان و وەرگرتن. لەراندنەوە لە دەنگ، شێوازی سروشتی بەکارهێنان لە جۆری دەنگ. بەرزی و نزمی دەنگ. ڕاهێنان کردن لەسەر دەرخستنی خەیاڵی دەنگ و خەیاڵی دەربڕین."(سەلاح، ٢٠١٢، ل١٥١) پێویستە پەرە بەو ئامێرانە بدرێت کە دەنگ دروست دەکەن لای ئەکتەر. ئەمەش بە ڕاهێنانی تایبەت دەکرێت لەسەر چۆنیەتی وەرگرتن و دانەوەی هەناس و کۆنترۆلکردنی بەرزی و نزمی دەنگ. "ستانیسلاڤسکی باوەڕی وابوو کە ئەکتەر نابێت تەنها نواندن بکات، بەڵکو دەبێت بژی لەسەر شانۆ. بۆ ئەم مەبەستەش چەند کۆڵەکەیەکی سەرەکی دانا

١ **.ئەگەری سیحری:** ستانیسلاڤسکی دەڵێت ئەکتەر نابێت بڵێت من ئەم کارەکتەرەم بەڵکو دەبێت بپرسێت ئەگەر من لە بارودۆخی ئەم کارەکتەرەدا بوومایە، چیم دەکرد ئەم پرسیارە

ئەگەر وادەکات خەیاڵی ئەکتەر بجوڵێت و کاردانەوەکانی لە دەنگ و جەستەدا سروشتی بن، نەک دەستکرد.

**٢.یادەوەریی سۆزداری:** ئەمە دڵی سیستمی ستانیسلاڤسکییە. ئەکتەر دەبێت بیر لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بکاتەوە کە هاوشێوەی دیمەنەکەی شانۆکەیە ئەگەر لە شانۆییەکەدا دەبێت بۆ مردنی باوکی بگریت، بیر لە ساتێکی ناخۆشی ژیانی خۆت بکەرەوە بۆ ئەوەی فرمێسک و لەرزینی دەنگەکەت ڕاستەقینە بێت.

**٣.بارودۆخی پێدراو :** ئەکتەر دەبێت هەموو وردەکارییەکان بزانێتمن کێم لە کوێم کاتژمێر چەندە پەیوەندیم لەگەڵ بەرامبەرەکەم چییە زانینی ئەم وردەکاریيانە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر تۆنی دەنگ و جووڵەی جەستە. مرۆڤ لە کاتی سەرما، یان ترس، یان لەبەردەم پاشایەکدا دەنگی و جەستەی.گۆڕێت. ٤..خاوکردنەوەی ماسولکەکان

ستانیسلاڤسکی جەختی دەکردەوە کە گرژی دوژمنی ئەکتەرە ئەگەر جەستە گرژ بێت، دەنگ دەرناچێت و هەستەکان دەخنکێن. بۆیە پێش هەموو ڕاهێنانێکی دەنگ، دەبێت ڕاهێنانی خاوکردنەوە بکرێت تا دەنگەکە لە دەمیەوە بە ئازادی بێتە دەرەوە.(برونیر، ٢٠١٨، ل١٦٧)

کەواتا دەنگ دەبێت هەڵگری ئەو بارە دەروونییە بێت کە کارەکتەرەکە تیایدا دەژی.'' لای ستانسلافسکی ڕوونی لە قسەکردندا زۆر گرنگە. ستانسلافسکی ڕقی لەو ئەکتەرانە بوو کە وشەکان دەخۆن یان بە ناڕوونی قسە دەکەن. ئەو پێی وابوو هەر پیتێک (بزوێن یان نەبزوێن) ڕۆحی خۆی هەیە و دەبێت مافی خۆی پێ بدرێت.'' (سەلاح، ٢٠١٢، ل١١٧) ستانسلافسکی زۆر گرینگی بە میتۆدەکان دەدات. "خاوەن دەنگ بوون بۆ گۆرانیبێژ و هەروەها بۆ ئەکتەری شانۆیی، چ بەختەوەرییە کە! "خاوەن دەنگ بوون" واتە هەست بەوە بکەیت دەتوانیت دەنگەکان کۆنترۆڵ بکەیت، واتە دەنگەکان لەژێر کۆنترۆڵی تۆدا بن و بتوانی بچووکترین وردەکارییە هونەرییەکان بە لەرینەوەی درێژ و تۆناڵ و بە زیل و بەم و ئاوێتەکارییە دەنگییەکان دەربڕی ئەگەر ئەکتەر یان گۆرانیبێژ خاوەن دەنگ نەبێت، واتە ناتوانێت دەنگەکان کۆنترۆڵ بکات.'' (ستانسلافسکی، ٢٠١٨، ل. ٩٨ ) ئەکتەر دەبێت وەک چۆن مۆسیقاژەنێک کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئامێرەکەیدا هەیە (کەمانچە یان پیانۆ)، ئەکتەریش دەبێت ئاوا کۆنترۆڵی بەسەر قورگ و هەناسە و دەنگ ی خۆیدا هەبێت.'' لای ستانسلافسکی دەنگ پردی نێوان ناخی ئەکتەر و گوێی بینەرە. ئەگەر ئەو پردە لاواز بێت (بەهۆی هەناسەی خراپ یان نەبوونی خەیاڵ)، هەستەکان ناگەن.'' (سەلاح ، ٢٠١٢، ل١١٨) ئەمە مانای ئەوەیە دەنگ دەبێت وەک مۆسیقا هارمۆنی هەبێت. ئەکتەر نابێت تەنها بە یەک تۆن قسە بکات، بەڵکو دەبێت دەنگی ڕەنگاوڕەنگ بێت و بتوانێت هەموو چینەکانی دەنگ تێکەڵ بکات بۆ دروستکردنی کاریگەری.

**پێنجەم: جەستەی ئەکتەر لە تاقیگەی جیزی گرۆتۆفسکیدا**

لە مێژووی شانۆی سەدەی بیستەمدا، ئەزموونی جیزی گرۆتۆفسکی و تاقیگە شانۆییەکەی وەک خاڵێکی وەرچەرخان دەبینرێت لە تێگەیشتن بۆ هونەری نواندن و بەتایبەتی بۆ چەمکی جەستەی ئەکتەر گرۆتۆفسکی بە دژایەتیکردنی شانۆی باو، کە ناوی لێنابوو شانۆی دەوڵەمەند ئەو شانۆیەی پشت بە مکیاژ، ڕووناکی، و تەکنەلۆژیا دەبەستێت گەڕایەوە بۆ کرۆکی شانۆ کە بریتییە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئەکتەر و بینەر. لەم پرۆسەیەدا، جەستەی ئەکتەر دەبێتە تاکە ئامرازی زیندوو بۆ گەیاندنی پەیام و وزە. لەم توێژینەوەیەدا، تیشک دەخەینە سەر

ئەوەی چۆن گرۆتۆفسکی جەستەی ئەکتەری لە ئامێرێکی بایۆلۆجییەوە گۆڕی بۆ کەناڵێکی ڕۆحی بۆ دەرخستنی پاڵنەرەکان جەستە لە تاقیگەی گرۆتۆفسکیدا ئامێرێک نییە بۆ نواندن بە واتای لاساییکردنەوە بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئاشکراکردن وەک گرۆتۆفسکی خۆی لە کتێبی بەرەو شانۆیەکی هەژار ئاماژەی پێ دەکات شانۆ دەتوانێت بەبێ مکیاژ، بەبێ جلوبەرگی تایبەت و سینۆگرافیا بوونی هەبێت بەڵام ناتوانێت بەبێ پەیوەندی زیندوو و ڕاستەوخۆی نێوان ئەکتەر و بینەر بوونی هەبێت. '' (گرۆتۆڤسکی) بە یەکێک لەو دەرهێنەرە شانۆییانە دادەنرێت کە سەرقاڵی ڕەهەندی ئەدائی (نواندن)ی ئەکتەر بووە. ئەمەش لە ڕێگەی سەرقاڵبوونی بە سازدان و ڕاهێنانی پێکهاتەی جەستەیی و دەنگیی ئەکتەر و سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی کەرەستە نواندنییەکانییەوە دەرکەوتووە، ئەوەش لە ڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوام بەهۆی ئەوەی کە ناوی لێنابوو تاقیگەی شانۆیی تاوەکو دیدێکی نواندن بۆ نمایشی. شانۆیی بەدەست بێنێت کە جیاواز بێت لەوەی باوە. بۆیە ئەو بەدوای لابردنی کۆسپ و بەربەستە جەستەیی و دەروونی و هزرییەکاندا دەگەڕا کە ڕەنگە پرۆسەی داهێنان سنووردار بکەن'' (العبادي ، ٢٠٢١، ل٢٨) ڕاهێنانە جەستەییەکانی تاقیگەی گرۆتۆفسکی لەنێویاندا جوڵەی میکانیکی نین، بەڵکو پرۆسەیەکی دەروونی جەستەیین . "شانۆ دەبێت سنوورەکانی خۆی بزانێت. با شانۆ لە باری ئابوورییەوە وەکو سینەما دەوڵەمەند نەبێت، وەکو تەلەفزیۆن بە مەسرەف و دەستبڵاو نەبێت، با لەوان هەژارتر بێت، با لە باری تەکنیکەوە نەبێتە جێگەی سەرنج و سەرەسورمان، بەڵام ئەوەی بەدەر لەمانە، بۆ شانۆ دەمێنێتەوە و گرینگە، ئەکتەرە، ئەکتەرێکی پیرۆز لە شانۆیەکی هەژاردا '' (ڕەئووف ، ٢٠١٥، ل١٩٠) شانۆی ڕاستەقینە پشت بە تەکنیک و دیکۆر نابەستێت، بەڵکو تەنها پشت بە هونەری نواندنی ئەکتەر و پەیوەندییەکەی لەگەڵ بینەر دەبەستێت. بۆ گەیشتن بەم جەوهەرە، گرۆتۆفسکی پێی وایە دەبێت شانۆ لە هەموو زیادەکارییەک دابماڵرێت، هەروەک دەڵێت: "بە لابردنی هەموو ئەو شتانەی، کە لە سەر شانۆ پێویست نین، هەستمان کرد دەکرێت شانۆ بە بێ ئارایشت، بە بێ جلوبەرگ و سینۆگرافیا و بە بێ ڕووناکی و ئامرازە دەنگییەکان بژی، بەڵام ناتوانێت بە بێ پەیوەندییەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆی نێوان ئەکتەر و بینەر بژی، کەواتە کرۆکی هەوڵەکانی ئەم هونەرمەندە لە گەشەکردنی تواناکانی ئەکتەردا چڕ دەبنەوە."(ڕەئووف ، ٢٠١٥، ل١٨٩) کاتێک شانۆ لەم کەرەستانە دادەماڵرێت، ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی ئەکتەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان '' گرۆتۆفسکی هەموو توخمە زیادەکانی وەک ڕووناکی و دیکۆری لابرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە جەوهەری شانۆ تەنها بریتییە لەو پەیوەندییە زیندووەی نێوان ئەکتەر و بینەر، ئەکتەر مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە. دەنگی پێیەکانی کە لەسەر زەوی ڕیتمێک دروست دەکات و دەبێت ئەکتەر توانای ئەوەی هەبێت بە دەنگی خۆی کەشێکی دەنگی دروست بکات. تەنانەت مۆسیقا و دەنگە کاریگەرەکان دەبێت لە ڕێگەی دەنگ و جوڵەی ئەکتەرەکان خۆیانەوە بەرهەم بێن (وەک لێدانی پێ، هەناسەدان، یان هاوار)، وە ئەگەر باسی ڕووناکیش بکەین سادەترین سەرچاوەی ڕووناکی، چرایەک، یان مۆمێک زیاتر نییە. (جرودجیتسکی ، ٢٠١٠، ل٩٦)، لەم ڕوانگەیەوە، گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە تەکنەلۆژیادا نییە، بەڵکو لە خودی ئەکتەردایە ئەوەی گرۆتۆفسکی کردی، گەڕاندنەوەی شانۆ بوو بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی. ئەو سەلماندی کە گۆڕانکاری لە شانۆدا بە تەکنەلۆژیا ناکرێت، بەڵکو بە گۆڕینی ئەدای ئەکتەر دەکرێت کاتێک لە هەموو ماسک و درۆیەکی هونەری دادەماڵرێت بەم شێوەیە ئەکتەر دەبێتە تاکە سەرچاوەی وزە و داهێنان لەسەر تەختەی شانۆ" ئەکتەر لای گرۆتۆڤسکی جادووگەری



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پانتایيه و ناوی دەبات بە ئەکتەرە قەدیسەکان کە بەرهەمهێنی جووڵە و دەنگ و مۆسیقا و کاریگەرییە دەنگییەکان و دیکۆرە بە توانا جەستەییەکانی و پێویستیمان بە هیچ شتێکی تر نییە و هەموو ڕەگەزە تەواوکەرەکانی تر بۆ نمایش زیادن و دەبنە لەمپەر و سیحری نواندن دەکوژن " (جرودجیتسکی ، ٢٠١٠، ل١٦٦)، بۆ ئەوەی ئەکتەر بگاتە ئەم ئاستە، گرۆتۆفسکی چەمکی میتۆدی نەرێنی پێشنیاز دەکات، کە جەخت لەسەر لابردنی بەربەستەکان دەکاتەوە نەک فێربوونی شارەزایی نوێ: "گرۆتۆفسکی باوەڕی وایە گۆڕانکاری لە ئەدای ئەکتەردا بە فێربوونی شتی نوێ ناکرێت، بەڵکو بە لابردنی بەربەستەکان دەکرێت. داوا لە ئەکتەریش دەکات کە خۆی لە هەموو تەکنیکە دەستکردەکان داباماڵێت و تەنها پشت بە بوونی زیندووی خۆی ببەستێت (العبادي، ٢٠٢١، ل٢٩) ئەم تێڕوان ینە شۆڕشێک بوو لە چەمکی (ئەدا)ی ئەکتەردا، وەک عوسمان حەمامسی ڕوونی دەکاتەوە:"تێگەیشتن بۆ ئەدا (الأداء) لای گرۆتۆفسکی جیاوازە. ئەدا لای ئەو بریتی نییە لە فێربوونی شێوازی نوێی نواندن یان کۆکردنەوەی شارەزایی، بەڵکو بریتییە لە پرۆسەی لابردنی بەربەستەکان، واتە ئەدای ئەکتەر لەسەر بنەمای نەهێشتن دەوەستێت نەک زیادکردن لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا، ئەکتەر دەگاتە ئاستی (ئەکتەری پیرۆز) "(الحمامصي ، ١٩٩٤، ص٣٦٥) ئەکتەر دەبێت لە کاتی نمایشدا بگاتە ئاستی قوربانیدان بە خود (Self-sacrifice). ئەو نابێت جەستەی خۆی بفرۆشێت وەک ئەکتەری بازرگانی، بەڵکو دەبێت جەستە و دەروونی خۆی بە ڕووتی و بێ ماسک پێشکەش بکات،ئەو هەموو ماسکە کۆمەڵایەتییەکان فڕێ دەدات و ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبێتەوە بێ ئەوەی شەرم لە لاوازییەکانی خۆی بکات. ئەکتەری پیرۆز هەوڵ دەدات سنووره باوەکانی جەستە و دەنگ تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی بگاتە دۆخێکی باڵا ئەمەش پێی دەوترێت ئەکتەری پیرۆز .

## گرینگترین خاڵەکانی چوار چێوەی تیۆری

پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی کارامەییە دەنگی و جەستەییەکان لە ئەدای ئەکتەری شانۆییدا ئەم پێوەرە بە ڕێگەیەکی زانستی و پراکتیکی داڕێژراوە پێوەرەکە دابەش کراوە بۆ چەند ڕەهەندێکی سەرەکی و هەر ڕەهەندێکیش بۆ چەند کارامەییەکی ڕەفتاریی چاودێریکراو دابەشکراوە.

### یەکەم: کارامەییە دەنگییەکان

**1.ڕوونی دەنگ و گۆکردن:** توانای ئەکتەر بۆ دەربڕینی وشەکان بە ڕوونی و دروستیی زمانەوانی بەجۆرێک بە ئاسانی بگاتە بینەر. دروستیی دەرچەی پیتەکان (مخارج الحروف)وە ڕوونی لە گۆکردن و نەکۆڵەبوون (تەپەتەپ نەکردن) نەبوونی تەمومژ لە قسەکردندا یان قوتدانی دەنگ و بەکارهێنانی وەستانی دروست لە نێوان ڕستەکاندا. دوورکەوتنەوە لە وشەی زیادە و دووبارەکردنەوەی بێ مەبەست.

### 2. کۆنترۆڵکردنی تۆنی دەنگ

توانای ئەکتەر بۆ گۆڕینی ئاستی تۆنی دەنگ بەپێی واتا و هەڵچوونەکان.

گۆڕانکاری لە نێوان دەنگی بەرز و نزمدا وە دوورکەوتنەوە لە یەک تۆنی (مۆنۆتۆنی) بێزارکەر.

بەکارهێنانی تۆنی گونجاو بۆ کارەکتەرەکەو دەربڕینی هەڵچوونەکان لە ڕێگەی گۆڕینی تۆنی دەنگەوە.

**3.توندی و هێزی دەنگ**

توانای گەیاندنی دەنگ بە بینەر بەبێ ماندووبوون یان هاوارکردنی بێمانا.

هێزی پرۆژەکردنی دەنگ (گەیاندنی بە دوورترین خاڵ)

هاوسەنگی لە نێوان توندی و هێمای دەنگداگونجانی توندی دەنگ لەگەڵ قەبارەی هۆڵەکەدا.

لەدەست نەدانی وزەی دەنگ لە کاتی نمایشدا.

**دووەم: کارامەییە جەستەییەکان**

**4.ڕیتم و ئاوازدانان**

بەکارهێنانی ڕیتمی مۆسیقی قسەکردن بەجۆرێک خزمەتی واتای درامی بکات.

گۆڕینی خێرایی (سست/ خێرا) بەپێی بارودۆخەکە.

وەستانە درامییە کاریگەرەکان. وگونجان لەگەڵ ڕیتمی گشتی نمایشەکە.

**5.دەربڕینی هەڵچوونی دەنگی بەکارهێنانی دەنگ بۆگواستنەوەی هەست و سۆزەکان.**

دەربڕینی (خەم، خۆشی، تووڕەیی، ترس) لە ڕێگەی دەنگەوە.

ڕاستگۆیی لە دەربڕینی هەستەکاندا.وە گونجانی دەنگ لەگەڵ باری دەروونی کارەکتەرەکە.

دوورکەوتنەوە لە تەسەنوع (خۆبەرهەمهێنان) و زیادەڕۆیی.

**6.هۆشیاری جەستەیی و کۆنترۆڵی جوڵە**

ئاگاداری ئەکتەر لە جەستەی خۆی و توانای کۆنترۆڵکردنی جوڵەکانی.

هاوسەنگی جەستەیی ونەرمی ماسولکەکان.وەکۆنترۆڵکردن لە کاتی وەستان، دانیشتن.

**7.دەربڕین بە ئاماژە**

بەکارهێنانی ئاماژە و جوڵەکان بۆ گواستنەوەی واتاوبەکارهێنانی ئاماژەی واتادار.

گونجانی جوڵەی دەستەکان لەگەڵ گفتوگۆکان دیالۆگ وە ڕوونی ئاماژە جەستەییەکان.

دوورکەوتنەوە لە جوڵەی هەڕەمەکی.

**8. زمانی جەستە و هەڵچوونەکان**

وەرگێڕانی هەستە ناوەکییەکان بۆ ڕەفتارێکی جەستەیی دیار.

دەربڕینی گونجاوی دەموچاو.کارلێکی جەستە لەگەڵ باری دەروونیدا.

بەکارهێنانی کاریگەری چاوەکان و نیگاوە ڕاستگۆیی لە ئەدای نادیاردا.

**9.بەکارهێنانی بۆشایی شانۆ**

توانای ئەکتەر بۆ بەکارهێنانی تەختەی شانۆ بە هۆشیارییەوە جوڵەی ڕێکخراو لە بۆشایی شانۆدا.

هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو پاراستنی هاوسەنگی بینراو لەگەڵ ئەکتەرەکانی تردا نەپۆشینی بینینی جەماوەر.گواستنەوەی نەرم و بێ کێشە لە نێوان شوێنەکاندا.

**10.هەماهەنگی جەستەیی لەگەڵ ئەوانی تر**

گونجانی جوڵەی ئەکتەر لەگەڵ هاوپیشەکانی و توخمەکانی تری شانۆ.

کارلێکی جوڵەیی لەگەڵ بەرامبەر وپابەندبوون بە ڕیتمی بەکۆمەڵ.

**11.تەواکاری دەنگی - جەستەیی**

گونجانی دەنگ لەگەڵ جوڵەدا.یەکگرتنەوەی ئەدای جەستەیی لەگەڵ هەڵچوونی دەنگیدا.

یەکگرتوویی دەربڕین لە نێوان قسە و جەستەدا.نەبوونی دژایەتی لە نێوان ئەوەی دەوترێت و ئەوەی دەکرێت.

تۆنی دەنگی بەکاردێنێت بەجۆرێک خزمەتی دیمەنەکە بکات.

ئاماژە جەستەییەکان بە واتای ڕوون بەکاردێنێت.

## بەشی سێیەم: ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەکە

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بە پێی سروشتی بابەت و ئامانجەکەی.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

نمایشی ڕۆمیۆ و جۆلێت کە لە ساڵی ٢٠٢٤دا لە سلێمانی نمایش کراوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێت لە سەرجەم ئەو ئەکتەرانەی لە نمایشە شانۆییە کوردییەکاندا ڕۆڵ دەبینن و لەسەر تەختەی شانۆدا سەرقاڵی نواندنن، بەو پێیەی خاوەنی توانای دەنگی و جەستەیین کە جێگەی بایەخی توێژینەوەکەیە.

**دارشتنی نموونەی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی دەستنیشانکراو (قەستی) هەڵبژێردراوە، کە خۆی لە نمایشی- شانۆیی ڕۆمیۆ و جولێت دا دەبینێتەوە وەک نموونەیەک بۆ توێژینەوەکە. هەروەها سەرجەم ئەو ئەکتەرانەی لە نمایشەکەدا بەشدارن و ژمارەیان (...) ئەکتەرە، گرتووەتەوە، کە تێیدا ئەدای دەنگی و جەستەییان شیکردنەوەی بۆ کراوە.

**نموونەی توێژینەوەکە:**

پێکدێت لە نمایشی ڕۆمیۆو جۆلێت کە یەکێک لە نمایشە شانۆییەکانی دەرهێنەر فازڵ جاف کە لە ساڵی ٢٠٢٤ لە شاری سلێمانی نمایش کراوە، کە بەشێوازی مەبەستی هەڵبژێردراوە

هەموو ئەو ئەکتەرانەی گرتەوە کە لە نمایشەکەدا بەشداربوون و ژمارەیان (...) بوو، چونکە لایەنی ئەدای دەنگی و جەستەییان شیکردنەوەی بۆ کرا

کورتەی واتاکەی:

ئەم دەقە باس لەوە دەکات کە توێژینەوەکە یان پرۆسەکە هەموو ئەکتەرەکانی ناو نمایشەکەی گرتووەتەوە و هەڵسەنگاندن بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگ و جووڵەی جەستەیان کراوە.

یەکەکانی شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوەکە بریتیین لە:

١.دەنگی ئەکتەر: کارکردن لەسەر تۆن، بەهێزی دەربڕین، و ڕێکی هەناسەدان.

٢ .جەستەی ئەکتەر: کارکردن لەسەر نەرمی، هاوسەنگی، و داینامیکی جوڵەکان.

٣. یەکگرتنی ڕیتمی دەنگ لەگەڵ ئاراستەی جوڵە فیزیکییەکان.

شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوە:

**ویلیەم شەکسپیر و تێڕوانینی بۆ ڕۆمیۆ و جولێت**

ویلیەم شەکسپیر ئەو ناوە درەوشاوەیەی ئاسمانی ئەدەبی جیهان و ئەندازیاری ناخی مرۆڤە کە بە نووسینەکانی توانیویەتی شۆڕشێک لە جیهانی شانۆدا بەرپا بکات و ببێتە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانی هەموو لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ ئەم نووسەرە مەزنە لە سالآنی کۆتایی سەدەی شانزە و سەرەتای سەدەی حەڤدەدا ژیاوە و بە شانۆی ئینگلیزی دادەنرێت کە توانیویەتی بە زمانێکی شیعری و فەلسەفی قوول وێنەی ژیان و مەرگ و خۆشەویستی و دەسەلات بکێشێت مەبەستی سەرەکی شەکسپیر لە نووسینی شاکاری ڕۆمیۆ و جولێت تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێکی خۆشەویستی سادە نەبووە بەڵکو ویستویەتی ململانێی ئەبەدی نێوان خۆشەویستی و ڕق نیشان بدات و دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە چۆن کۆمەڵگا و دابونەریتە کۆنەکان و ململانێی سیاسی خێزانەکان دەبنە هۆی کوشتنی جوانی و هیواکانی گەنجان هەروەها ویستویەتی پێمان بڵێت کە خۆشەویستی هێزێکی گەردوونییە و دەتوانێت بەرەنگاری هەموو بەربەستەکان ببێتەوە تەنانەت ئەگەر باجەکەی مەرگیش بێت ئەم تێڕوانینە فەلسەفییە لە چیرۆکەکەدا بەم شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە ڕووداوەکانی ئەم شاکارە جیهانییە لە شاری ڤێرۆنای ئیتاڵیاوە دەست پێ دەکات لەوێ کە دوژمنایەتییەکی دێرین و خوێناوی لە نێوان دوو بنەماڵەی دەسەڵاتداردا هەیە ئەوانیش بنەماڵەی مۆنتاگیو و بنەماڵەی کاپیولێت ن لە ناو جەرگەی ئەم ڕق و کینە ئەبەدییەدا چارەنووس وا دەکات لە ئاهەنگێکی دەمامکداردا چاوی ڕۆمیۆی کوڕی مۆنتاگیو بە جولێتی کچی کاپیولێت بکەوێت ئەم دیدارە دەبێتە سەرەتای لەدایکبوونی خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد کە سنووری دوژمنایەتی باوک و باپیرانیان دەبەزێنێت هەردوو دڵدار بێ ئەوەی لە سەرەتادا ناسنامەی یەکتر بزانن دەکەونە داوی عەشقێکی قوڵەوە کە دواتر مەحاڵە لێی دەربچن پەیوەندییەکە بە نهێنی دەمێنێتەوە و بە یارمەتی پیاوێکی ئاینی بە ناوی قەشە لۆرێنس پرۆسەی هاوسەرگیریان بۆ ئەنجام دەدرێت بەو هیوایەی ئەم هاوپەیمانییە پیرۆزە کۆتایی بە شەڕی خوێناوی نێوان دوو بنەماڵەکە بهێنێت بەڵام ڕووداوەکان ئاڕاستەیەکی توندوتیژ وەردەگرن کاتێک لە شەڕێکی سەر شەقامدا ئامۆزای جولێت کە ناوی تیبەڵتە هاوڕێیەکی نزیکی ڕۆمیۆ دەکوژێت ڕۆمیۆ لەژێر کاریگەری تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەدا پەلاماری تیبەڵت دەدات و دەیکوژێت ئەمەش وا دەکات میری شار بڕیاری دەرکردن و دوورخستنەوەی ڕۆمیۆ لە شار بدات بەمەش دابڕانێکی بەئازار دەکەوێتە نێوان دوو عاشقەکەکێشەکان کاتێک ئاڵۆزتر دەبن کە باوکی جولێت بڕیار دەدات کچەکەی بە زۆر بە شوو بدات بە پیاوێکی دیکە جولێت بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە پەنا بۆ پلانێکی مەترسیدار دەبامادەدەیەکی بێهۆشکەر دەخواتەوە کە بۆ ماوەیەک وەک مردوو نیشانی دەدات مەبەست ئەوە بوو دوای بەخەبەرهاتنەوەی لەگەڵ ڕۆمیۆ هەڵبێت بەڵام بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە نامەی ڕوونکردنەوەکە بە دەستی ڕۆمیۆ ناگات کاتێک ڕۆمیۆ دەگاتە سەر گۆڕەکە و جولێت بە بێ جوڵەیی دەبینێت باوەڕ دەکات کە مردووە بۆیە لە نائومێدیدا ژەهر دەخواتەوە و لە پاڵیدا گیان دەسپێرێت ساتێک دواتر جولێت بەئاگا دێت و تەرمی خۆشەویستەکەی دەبینێت ئەویش بە خەنجەرەکەی ڕۆمیۆ کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت لە کۆتاییدا خوێنی ئەم دوو گەنجە دەبێتە هۆی ئاشتبوونەوەی هەردوو بنەماڵەکە و کۆتاییهێنان بەو ململانێیەی کە ساڵانێکی زۆر بوو شارەکەی کردبووە مەیدانی جەنگ

5.شیکردنەوەی نمایشی ڕۆمیۆ جۆلێت لەدەرهێنانی (فازڵ جاف)

به سپۆنسەری دەزگای کەریمی عەلەکە تیپی شانۆی ئارارات
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بەشی شانۆ
نووسینی: ویلیەم شەکسپیر
دەرهێنانی: فازڵ جاف
له ڕێکەوتی ٢٠/٧/٢٠٢٤ و ڕۆژانی دواتر
کاتژمێر ٦:٠٠ ی ئێواره
له هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی
ئەکتەرەکان

1. **ڕەوەند ئەحمەد**
2. **تیشوو نامیق**
3. **کەمال عەلی**
4. **هێرۆ سەباح**
5. **شاناز محەمەد**
6. **شڤان خدر**
7. **هونەر حەسەن**
8. **گوڵی حەسەن**
9. **ژیلوان لقمان**
10. **محەمەد هۆشیار**
11. **گۆران عوسمان**
12. **شانۆ ئاسۆ**
13. **کامۆ بەرزان**
14. **ڕافین عەلی**
15. **ڕافیار عەبدولکەریم**
16. **سان عەبە ڕەش**
17. **شەنیار حەمە هۆشمەن**
18. **مەریەم زیاد**
19. **میسەم زیاد**
20. **لەرێ قەزاز**
21. **ئەرین سەردار**
22. **ئانی ئاوێر**

هونەرییەکان
دراماتۆرگیی و وەرگێڕانی / فازل جاف
بەسوود وەرگرتن له دراماتۆرگییەکەی (تۆماس میڵگرین)ی سویدی
سینۆگرافیا - شیراز عەزیز
**شیکردنەوەی نمایشی ڕۆمیۆ جۆلێت**

لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ نمایشێکی دیاریکراوی رۆمیۆ و جولێت دەکەین کە وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە دەرهێنەر (فازڵ جاف) ئەرکی سەرەکی دەخاتە سەر جەستە و دەنگی ئەکتەر کە بچووکترین جوڵەی دەست یان لەرینەوەی دەنگی ئەکتەر دەبێتە سەنتەری بینین. ئەمەش وادەکات ئەکتەرەکان پێویستیان بە ئامادەییەکی جەستەیی زۆر باڵا هەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە. لە دیمەنە بە کۆمەڵەکاندا، دابەشبوونی ئەکتەرەکان بەسەر تەختەی شانۆدا دەردەکەوێت.، کۆمەڵێک ئەکتەر لە قوڵایی و پێشەوەی شانۆدا وەستاون. ئەمە پێویستی بە هەستی ڕیتمی بە کۆمەڵ هەیە. واتە توانای جەستەیی لێرەدا تەنها جوڵەی تاکەکەس نییە، بەڵکو توانای ئەکتەرە بۆ پاراستنی هاوسەنگی وێنە گشتییەکە و وەستان لە کاتی گونجاودا بێ ئەوەی وزەی شانۆیی دابەزێت. یەکێک لە کێشە گەورەکانی نواندنی شانۆیی، دیمەنی شەڕەکانە. لەم نمایشەدا، دیمەنی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە بە جوڵەی فراوان و بەکارهێنانی تەواوی جەستە ئەنجام دراوە.ئاستەکانی جوڵە ئەکتەرەکان تەنها بە پێوە نین، بەڵکو زەوی بەکاردەهێنن. بەشێکە لە زمانی جەستە بۆ دەرخستنی مەرگ یان شکست.وزەی ئاراستەکراو لە دیمەنی شەڕەکەدا، جەستەی ئەکتەرەکان لە دۆخی ئامادەباشیدان قورسایی جەستە دابەشکراوە بۆ ئەوەی جوڵەکان خێرا بن و لە هەمان کاتدا سەلامەت بن. ئەمە بەرجەستەکردنی ئەو تیۆرییەیە کە دەڵێت جەستە دەبێت بیر بکاتەوە پێش ئەوەی قسە بکات . دەرهێنەرێک کە خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتە لە بواری ئێتۆد و زمانی جەستەدا، بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی مامەڵەی لەگەڵ جەستەی ئەکتەردا کردووە، کە دەکرێت بەم شێوەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت:

**شێوازی کارکردنی دەرهێنەر لەسەر جەستە و زمانی جەستە و ئێتۆد**

دەرهێنەر لەم نمایشەدا جەستەی ئەکتەری لە ئامرازێکی گواستنەوەی دەقەوە گۆڕیوە بۆ پانتاییەکی نیشانەیی و سیمبۆلی، بە جۆرێک کە هەموو جووڵەکان لەسەر بنەمای ئەندازەیی و هاوسەنگیی پانتایی شانۆ دارێژراون و هەر جووڵەیەک ئەرکێکی دراماتیکی دیاریکراوی هەیە بۆ نیشاندانی ناخی کارەکتەرەکان. لە ڕێگەی ئێتۆد و ڕاهێنانە جەستەییە چڕەکانەوە، دەرهێنەر توانیویەتی توانایەکی دینامیکی بە ئەکتەرەکان ببەخشێت کە تێیدا جەستە لە دۆخی وەستانێکی سادەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخی گوزارشتکردنی قووڵ، ئەمەش وای کردووە زمانی جەستە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ ئەو وشانەی کە ناتوانن قەبارەی تراژیدیایەکە دەرببڕن. کارکردنی دەرهێنەر لەسەر ئاستی جووڵە تەنیا مەبەست لێی ڕێکخستنی هاتن و چوون نەبووە، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانی بووە لە نێوان هەستە ناوەکییەکان و دەرکەوتە دەرەکییەکانی جەستە، کە تێیدا هەموو لەرینەوەیەکی دەست یان چەمانەوەیەکی جەستە گوزارشت لەو گوشارە کۆمەڵایەتی و خێزانییانە دەکات کە بەسەر ڕۆمیۆ و جۆلێتدا سەپێنراون. لێرەوە دەردەکەوێت کە دیدگای دەرهێنەر بۆ جەستە وەک نیشانەیەکی بینراو وایە کە لەگەڵ ڕیتمی گشتی نمایشەکەدا یەکدەگرێتەوە و وێنەیەکی شیعریی بۆ جووڵە دەخوڵقێنێت کە بینەر لە ڕێگەی ئاماژە جەستەییەکانەوە دەتوانێت درک بە قووڵایی ململانێ فەلسەفی و مرۆییەکانی ناو چیرۆکەکە بکات. سەرەتا هەموو ئەکتەرەکان دێنە سەر تەختەی شانۆ هەریەکیان بە ئەداو جستەیکی جیاواز گوزارشت لە کارەکتەرەکەیان دەکرد .ڕۆمیو جۆلێت دێنە پێشەوە .لە خولەکی (02:07) ڕۆمیۆ: خۆشەویستی چیە چی دەگەێنێت من پێش ئەوەی جۆلێت بەناسم لەمانای خۆشەویستی تێنەدەگیشتم .بەئەداو جەستەیکی پڕ لە وەزە . جۆلێت: وامان دەزانی

خۆشەویستی ئەوەیە کە بەئارەزووی خۆت کەسێک هەڵبەژێری. جۆلێت: دەبێت دەنگی نەرم بەڵام بڕیاردەر بێت. کاتێک دەڵێت بە ئارەزووی خۆت دەبێت دەنگی کەمێک بەرزتر دەبێتەوە بـۆ ئەوەی هـێزی ئـازادی و هەڵـبژاردن نیشـان بـدات. رۆمیـۆ بە دەنگـێکی هەسـتبزوێن و جەسـتەیەکی نەرم عەشـقەکە ڕادەگەیەنێـت، لە بەرامـبەردا جۆلێـت بە دەنگـێکی جێگـیر و جەستەیەکی سەربەرز مانا و ئیرادە دەبەخشێت بەو عەشقە.

لە خـولەکی (32:54) رۆمیـۆ و جۆلێت یەکـتری دەبیـنن. جۆلێـت بەدەنگـێکی بەرز هـاوار دەکات .ئەو گەنجە کێیە لێرەدا دەنگ زاڵ دەبێ بەسـەر جەستەیا. دایکی جۆلێت لە پر هـاوار دەکات جۆلێت کچەکەم تۆدەبێ هاوسەرگیری بکەی لەگەڵ لۆر پاریس پێی دەڵت سیری بکەو جوان زمانی جەستەی بەخوێنەوە لێرەیا. لەم دیمەنە دیالۆگ بەرزو نزم دەبێت دەنگی ئەکتەر لەم نمایشـەدا دەنگی تەنها بـۆ گەیانـدنی وشـە بەکارناهێنێت، بەڵکو لە ڕێگەی گـۆڕینی تـۆن و بەهـێزی دەربـڕینەوە ململانـێی نێوان بنەماڵەکان و سـۆزی عەشـق بەرجەسـتە دەکات. ڕێکی هەناسەدان لێرەدا دەبێتە پارێزەری وزەی دەنگ، بە جۆرێک کە لە دیمەنە پڕ جوڵەکاندا دەنگ بە زوڵاڵی و بە بێ ماندوێتی دەگاتە بینەر.

فـازڵ جـاف جەسـتەی ئەکـتەری وەک زمـانێکی بیـنراو بەکارهێنـاوە کە خـاوەنی نەرمی و هاوسەنگییەکی بەرزە. جوڵەکان تەنها گواستنەوە نین، بەڵکو داینامیکییەتێکی وایان تێدایە کە پێش قسەکردن، باری دەروونی کارەکتەر و گرژی قەیرانەکان لە ڕێگەی ئاماژە فیزیکییەکانەوە بۆ بینەر ڕادەگەیەنن. پەیوەنـدی نێوانیـان سـەرکەوتنی ئەم نمایشـە لە یەکگرتنی ڕیتمی دەنگ و جـوڵەدایە واتە هەر هەڵچـوونێکی دەنـگی هاوتـایە لەگەڵ جـوڵەیەکی جەسـتەیی دیاریکراو. ئەم هاوئاهەنگییە وای کردووە جەستە و دەنگ ببنە یەکەیەکی تەواوکار و ئاستێکی ئەکادیمی بەرز بە ئەدای ئەکتەرەکان ببخشـن لە گەیانـدنی مانـا شـاراوەکانی دەقەکەدا. ئەدای ئەکـتەر لەسـەر بنەمای هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان نیشانە دەنگی و جووڵەییەکاندا بونیاد نراوە بە جۆرێک کە دەنگی ئەکـتەر تەنیـا بـۆ گواسـتنەوەی دەقە شـیعرییەکە بەکارنەهـاتووە بەڵکـو وەک ئـامرازێکی لەرەلەری و مۆسیقی بۆ وێناکردنی قووڵایی ململانێ دەروونییەکان و گۆڕینی بارە سۆزدارییەکان لە شـادییەوە بـۆ تراژیـدیایەکی قـورس بەکارهـاتووە کە ئەمەش نیشـاندەری توانـایەکی بەرزی گونجانـدنی تـۆنە لەگەڵ کـات و شـوێنی ڕوودارەکانـدا. هاوتەریـب لەگەڵ ئەمەدا جەسـتەی ئەکـتەر وەک یەکەیەکی دایـنامیکی و هێمـایی لە پانتـایی شـانۆدا جـووڵێنراوە و هەمـوو ئامـاژە و جووڵەکـان لە چوارچێـوەی زمـانێکی جەسـتەیی گوزارشـتکاردا داڕێـژراون کە توانـای بەرجەسـتەکردنی گرژییەکـانی نێـوان هەردوو بنەمـاڵەی ململانێ و ناسـکی پەیوەنـدییە خۆشەویستییەکانی هەبووە بە شێوەیەک کە جووڵە جەستەییەکان بوونەتە تەواکەری واتا نادیارەکانی نـاو دەنگەکە. لێرەوە دەتـوانین بڵێـین یەکگـرتنی دەنـگ و جەسـتە لەم نمایشـەدا ئاسـتێکی نـوێی لە نوانـدنی ئەکـادیمی خوڵقانـدووە کە تێیـدا ئەکـتەر توانیـویەتی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی هەناسە و بەکارهێنانی گونجاوی ماسولکەکانی دەموچاو و جومگەکانی جەستە وێنەیەکی زیندوو بۆ کارەکتەرەکان دروست بکات کە هاوشان بێت لەگەڵ دیدگا مۆدێرنەکانی دەرهێنەر بۆ دووبارە خوێندنەوەی دەقە کلاسیکییەکان لەسەر بنەمای زانستی نیشانەناسی و جووڵەزانی.

رۆمیـۆ لە سـەرەتادا دەنگـێکی خەمبار و شـاعیرانەی هەیە (پەیوەسـت بە رۆزێلایـن)، بەڵام دوای بینینی جولێت، دەنگی دەبێتە وزەیەکی بەرز و پڕ جۆش و خرۆش. بەکارهێنانی هەناسەی خێرا لە دیمەنی باخچەکەدا پێویستە بۆ دەرخستنی پەرۆشی. جەستە، جەستەی رۆمیۆ پڕە لە

جوڵەی لاوانە و سەرکێشی. لە دیمەنی کوشتنی (تیباڵت)دا، دەبێت جەستەیەکی شەڕکەر و توندوتیژ نیشان بدات، کە پێویستی بە نەرمی و ڕاهێنانی شەڕی شانۆیی هەیە. جولێت گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت لە کچێکی گوێڕایەڵەوە (دەنگی نزم و شەرمن) بۆ ژنێکی بەهێز و یاخی. لەخولەکی (35:26 ) بە خێرایی وەرن، ئەی ئەسپە پێ ئاگرینەکان پێویستی بە توانایەکی دەنگی یەکجار گەورە هەیە بۆ گەیاندنی ئەو هەموو وێنە شیعرییە. لە دیمەنی خواردنەوەی ژەهرەکەدا کە خولەکی (1:18:54) جۆلێت بە دەنگێکی بەرز وجەستەیکی شپرز دەڵت. ڕۆمیۆ من ئەم دەرمانە لەپێناو تۆدا دەخۆمەوە ئەم نمایشە خەمبارە تەنها خۆم ئەنجامی دەدەم. چەن ترسناکە، ژەهرەکە دەخواتەوە دەبێت لە ڕێگەی جەستەوە ترس و لەرز و دواجار بێهۆشبوون نیشان بدات بەبێ ئەوەی ئازار بە خۆی بگەیەنێت.لەکۆتایدا ڕۆمیۆو جۆلێت بەجستەیان پیکەرێکی جوان دروست دەکەن ئەمە ئاماژەیە بۆ وێنەیەکی جێگیر، کە تێیدا جەستەی بێگیانی هەردووکیان دەبێتە هێمایەک بۆ یەکگرتن و کۆتایی هاتنی ململانێکان.

## بەشی چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

١. توێژینەوەکە سەلماندی کە دەنگ و جەستە دوو یەکەی جیاواز نین، بەڵکو لە پەیوەندییەکی دیالکتیدان.
٢. دەرکەوت هەر کاتێک ئەکتەر شکست بێنێت لە وێناکردنی جەستەیی، ئەوا ڕاستەوخۆ دەنگ تووشی مونۆتۆن دەبێت، کەواتە زیندوێتی دەنگ بەستراوەتەوە بە جوڵەی دینامیکی جەستەوە.
٣. دەرکەوت کە هەناسە وەک پردێک کار دەکات، کاتێک جەستە لە ئەوپەڕی گرژیدایە، هەناسەی ڕێکخراو ڕێگر دەبێت لەوەی دەنگەکە بخنکێت یان لەرینەوەی نادروست دروست بکات.
٤. دەرکەوت کە بەرجەستەکردنی دەق (ڕۆمیۆ و جولێت) پێویستی بە جۆرە دەنگێک هەیە، کە ئەکتەری شانۆی کوردی بۆ ئەم جۆرە نمایشە پێویستی بە وزەیەکی یەدەگی زۆر هەیە، چونکە گۆڕانی خێرا لە دۆخی سۆزدارییەوە (ڕۆمانسی) بۆ دۆخی توندوتیژی (تراژیدی)، پێویستی بە نەرمی ماسولکەکانی قورگ و جەستە هەیە کە بێ مەشقی پێشوەختە ئەستەمە.
٥. ئاشکرا بوو کە دەرهێنەر هەوڵی داوە لە ڕێگەی جوڵەی بەکۆمەڵ و دروستکردنی وێنەی جەستەیی، قەرەبووی ئەو بۆشاییانە بکاتەوە کە لە دەنگی تاکە ئەکتەرەکاندا هەبووە، بەمەش جەستەی بە کۆمەڵ بووەتە تەواوکەری دەنگی تاک.
٦. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کاریگەریی سۆزداریی نمایشەکە لەسەر بینەر، ڕاستەوخۆ بەند بووە بە ئاستی ڕاستگۆیی (سایکۆ-فیزیک)ی ئەکتەرەکان. واتە ئەو ساتانەی کە جوڵەی دەست و دەربڕینی ڕوخسار بە تەواوی هاوتای تۆنی دەنگەکە بوون، پەیامەکە بە بێ دابڕان دەگات بە بینەر.

**دووەم: دەرئەنجامەکان:**

١. دەنگ پێویستی بە مەودا و هێزە بۆ گەیاندنی پەیامی نمایش.
٢. جەستە پێویستی بە نەرمی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەر.
٣. جیاکردنەوەی ئەم دووانە دەبێتە هۆی نواندنێکی میکانیکی، بۆیە پێویستە ئەکتەری کورد لە مەشقەکانیدا گرنگییەکی هاوسەنگ بە هەردوو لایەنەکە بدات.

٤.دەنگ و جەستە یەکەیەکی لێکنەپچڕاون و هەر سستییەک لە جەستەدا هەبێ ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی مۆنۆتۆنی و بێڕوحی لە دەنگدا.
٥.گەیشتنی پەیامی نواندن بە بینەر تەنها لە ڕێگەی هاوتابوونی تەواوی نێوان جووڵەی فیزیکی و تۆنی دەنگەوە بەدی دێت.

**سێیەم: ڕاسپاردەکان:**

١. پێویستە لە پەیمانگا و کۆلێژە هونەرییەکاندا، میتۆدی وانەکانی دەنگ و جەستە لە دابڕانەوە دەربهێنرێن و بە شێوەیەکی پراکتیکی و هاوتەریب بگوترێنەوە، بۆ ئەوەی قوتابی فێر بێت چۆن لە یەک کاتدا و بەبێ دروستبوونی گرژی کۆنترۆڵی هەردووکیان بکات.
٢. گرنگیدان بە کردنەوەی ووركۆشۆپی تایبەت بە ڕاهێنانە سایکۆ-فیزیکییەکان بۆ گرووپە شانۆییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو کارە شانۆییانەی کە پشت بە دەقی کلاسیکی و تراژیدی دەبەستن، چونکە ئەم دەقانە پێویستیان بە وزە و بەرگەگرتنی جەستەیی و دەنگیی زیاترە.

**چوارەم: پێشنیارەکان:**

توێژەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە پێشنیار دەکات بۆ توێژەرانی پاش خۆی:
١. دیالکتیکی پەیوەندیی نێوان دەنگ و جەستەی ئەکتەر لە نمایشی شانۆییدا.
٢. کاریگەریی هاوسەنگیی سایکۆ-فیزیک لەسەر ئەدای ئەکتەری شانۆی کوردی.
٣. میکانیزمی یەکخستنی وزەی دەنگ و جوڵە لە هونەری نواندندی شانۆییدا.

**سەرچاوەکان:**

سالار،احمد(٢٠١٠) وانەکانی هونەری نواندن. چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
خەنجەر، کەریم (٢٠٢٣) گۆڕانکاری لە ئەدای ئەکتەردا. وەرگێڕانی: د. کەیفی ئەحمەد. چاپخانەی پاندا، سلێمانی.
سەڵاح، سامی(٢٠١٢) بنەماکانی نواندن. وەرگێڕانی: یوسف عوسمان. لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ - وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ستانیسلافسکی، کۆنستانتین(٢٠١٨) کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لە میانەی بەرجەستەکردندا. وەرگێڕانی: پێشڕەو حسین. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
کاردۆ (٢٠٠٦) فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی. لە بڵاوکراوەکانی تیپی شانۆی ئاشتی کەرکووک، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.
جاف، فازڵ (٢٠٢٣) دەرهێنانی شانۆیی. چاپی سێیەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
سەلام، ابوحسن (٢٠١٠) جەستەی ئەکتەر. (وەرگێڕانی: محمد عبدالله). گۆڤاری تیپی شانۆی سالار،ساڵی سێیەم.
ڕەئووف، دانا (٢٠١٥) تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
ئۆیدا، یۆشی و مارشەڵ، لۆرنا (٢٠١٣) ئەکتەری نەبینراو. وەرگێڕانی: فاروق هۆمەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

اريميا، أكرم وليم. (٢٠١٦) علامات الأداء التمثيلي في العرض المسرحي. دار الفنون والآداب (البصرة) و أفكار للدراسات، دمشق.
الياس، ماري و قصاب حسن، حنان. المعجم المسرحي. مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، (د.ت)
بلبل، فرحان (١٩٩٦) أصول الإلقاء والإلقاء المسرحي. مكتبة مدبولي، القاهرة.
غالب، رضا(٢٠٠٦) الممثل والدور المسرحي. تقديم: د. عبد اللطيف الشيتي. دراسات ومراجع المسرح، مصر.
هارف، حسين علي و دعج، وضاح طالب(٢٠١٦) علم الإلقاء: فصول في الأداء الصوتي. دار الجواهري، بغداد.
برونير، ميشيل (٢٠١٨) ورشة المسرح. تحرير:، ترجمة: فتحي العشري. المركز القومي للترجمة، القاهرة.
الجوذي، وسام عبد العظيم (٢٠١٩) المسرح التفاعلي من الصفر إلى العرض. دار مؤسسة رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
سلام، أبو الحسن (٢٠٠٤) الإيقاع في فنون التمثيل والإخراج المسرحي. دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية.
صلاح، سامي(٢٠٠٥) الممثل والحرباء: دراسات ودروس في التمثيل. إصدارات أكاديمية الفنون، القاهرة.
العبادي، علي(٢٠٢١) التلقائية في أداء الممثل المسرحي. خطوط وظلال للنشر والتوزيع، عمان.
الكاشف، مدحت (٢٠٠٦) اللغة الجسدية للممثل. أكاديمية الفنون، القاهرة.
عبد الحميد، سامي (١٩٨٠) و فريد بدري حسون. فن الإلقاء (الجزء الأول). مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
الحمامصى، عثمان محمود (١٩٩٤). إرث ستانسلافسكي والنظريات المعارضة. الهيئة المصرية العامة. للكتاب.
جرودجيتسكى، أوجستز (٢٠١٠) حركة التجديد في المسرح العالمي المترجم. هناء عبدالفتاح

resources:
Salar, Ahmad (2010) Lessons of Acting Art. Karo Printing House, Sulaimani.
Khanjar, Karim (2023) Changes in actor performance. Translated by د. : Keyfi Ahmad. Panda Printing House, Sulaimani .
Salah, Sami (2012) Principles of Acting. Translated by: Yousef Osman. From publications of the Directorate of Theater Arts - Ministry of Culture, Rojhelat Printing House, Erbil.
Stanislavsky, Konstantin (2018) The actor's work on himself during performance. Translated by: Peshraw Hussein. In publications of Ghazalnoos Center, Sulaimani .
Cardo (2006) Dictionary of Theatrical Terms. From publications of Kirkuk Peace Theater Troupe, Arabkha Printing House, Kirkuk .

Jaf, Fazel (2023) Theatrical direction. Third edition, Sulaimani: Sardam Publishing House .
Salam, Abu Hassan (2010) The Actor’s Body. (Translated by: Mohammed Abdullah). Salar Theater Troupe Magazine, Third Year.
Rauf, Dana (2015) Theories of Theatrical Direction, Sardam Printing House, Sulaimani.
Oida, Yoshi and Marshall, Lorna (2013) The Invisible Actress. Translated by: Farooq Homer, Aras Publishing House, Erbil .

Jeremiah, Akram Walim. (2016) Symptoms of Illustrative Performance in Theatrical Presentation. Dar al-Funun al-Adab (Al-Basra) and Ideas for Studies, Damascus .
Elias, Marie and Butcher Hassan, Hannan المعجم المسرحى. Lebanon Nashron Office, Beirut, (D.T (
Balbal, Farhan (1996) Principles of Rhyme and Theatrical Rhythm. Madbuli Office, Cairo .
Ghalib, Reza (2006) The role of the theater. Presented by د. :Abdul Latif al-Shiti. Theater Studies and References, Egypt .
Harf, Hussein Ali and Da'j, Wadhah Talib (2016) Musicology: Principles in Voice Performance. Dar al-Jawahari, Baghdad .
Brunier, Michel (2018) Theater Workshop. Editor:, Translation: Fathi al-Ashri. National Translation Center, Cairo.
Al-Jaudhi, Wassam Abdul Azim (2019) The interactive theater from the journey to the ground. Raslan Foundation for Printing, Publishing and Distribution, Damascus .
Salam, Abu al-Hassan (2004) Rhythm in the art of performance and theatrical production. Dar Al-Wafa' in the World of Printing and Publishing, Alexandria.
Salah, Sami (2005) Allegory and War: Studies and Lessons in Allegory. Academy of Arts Publications, Cairo .
Al-Ebadi, Ali (2021) Integration in the performance of theatrical actors. Lines and Shapes for Publishing and Distribution, Oman .
Al-Kashf, Medhat (2006) The Physical Language of the Similar. Academy of Arts, Cairo.
Abdul Hameed, Sami (1980) and Farid Badri Hussun .Baghdad University Printing House, Baghdad.
Al-Hammassi, Othman Mahmoud (1994). Earth Stanislavsky and Oppositional Theories. The Egyptian General Authority.للكتاب .
Jrodjitsky, Ojstz (2010) The Renewal Movement in the World Translator Stage. Hana Abdulfattah